پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTÎYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ

# دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان

١٨٤




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com


١٨٤
دەستکەفتێن زێدەتر
بۆ کـوردستانێ
پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTIYA DEMOKRATA KURDISTANÊ
دوهی ب خوینێ و
ئەڤرۆ ب دەنگی
دێ بەرەڤانیێ ژ کوردستانێ کەین
١٨٤

جەنابی سەرۆک بارزانی لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٣، لێرە لەبەردەم ئێوەدا فەرمووی: ئێمە بە ڕۆح قەرزاری سلێمانین، بە ڕاستیش هەروایە. ئێمە لە خانەوادەی بارزان، شێخی گەورەمان جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزانی وا فێری کردووین کە هەمیشە ڕێزی سلێمانی بگرین و هەمیشە سلێمانیمان خۆشبوێت

پارتی و خەڵکی سلێمانی هاوبیرن لە بڕوابوون و قوربانیدان بۆ سەربەخۆیی، هەر لەبەر ئەوەشە چاوەڕێین ئەمجارە خەڵکی سلێمانی زیاتر لە هەموو جارێک دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پاتی دیموکراتی کوردستان بدات

هاوکێشە حیزبییەکان و ئەو ئیرهابە فیکرییەی لە دژی پارتی هەبووە، دەرفەتیان بە پارتی نەداوە وەک ئەوەی لە بیر و هزرماندایە، خزمەتی ئەو دەڤەرە بکەین. سلێمانی بودجەی جیای خۆی لە حکوومەتدا هەبووە، ئیدارەی شارەکە و ئەو حیزبانە بەرپرس بوون لە خزمەتگوزاری و پڕۆژەکانی سلێمانی کە دەسەڵات و کورسییان لە سلێمانی زۆر بووە، ئەوان بەرپرسیار بوون نەک پارتی دیموکراتی کوردستان

ئێستا کە ئیرهابی فیکری بەرامبەر پارتی لە سلێمانی بەرەو لاواز بوونە و پەنا بە خوا و بە هیممەتی ئێوە بەرەو لەناو چوون دەڕوات، دەمانەوێ بە دەنگی خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە و هەورامان و گەرمیان و ڕاپەڕین، بە هێزی گەورەوە بگەڕێینەوە بەغدا و پارێزەرێکی سەرسەختی مافەکانتان بین لەوێ و لە هەموو شوێنێک

لە کابینەی حەوتەمدا حکوومەتمان بە زیاتر لە چوار ترلیۆن دینار قەرز وەرگرتەوە. حکوومەتمان بە دەیان هەزار مووچەخۆری زیاترەوە وەرگرتەوە، کە ئەوەش دواتر بووە بارێکی گەورە بەسەر حکوومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شانمان دایەوە بەر و بە یارمەتیی هاوکارانم لە حکوومەت، دەستمان بە ڕێکخستنەوەی کرد


پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTIYA DEMOKRATA KURDISTANÊ
١٨٤
١٨٤

# کاندیدانی لیستی ١٨٤

## نوێنەرانی ڕاستەقینەی کوردستان دەبن لە بەغدا، نەک تەنیا پەرلەمانتار






# شێروان ناسیح عەبدوڵا

**کاندیدی ژمارە ٩**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

من پارێزەر شێروان حەیدەری، بەڵێن دەدەم ئەگەر متمانەم پێ بەخشرا، هەوڵی جددی بدەم بۆ پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی و ئیداری و دارایی و پارێزەرێکی بەوەفا بم بۆ بەرگریکردن لە خاک و خەڵک و وڵاتەکەم و لەسەر بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان سازش نەکەم. ئومێدەوارم لیستی پارتی سەربکەوێت، لەبەر ئەوەی لیستی شەهیدان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە بۆ ماوەی سەدەیەکە لە خەبات و تێکۆشاندایە بۆ ئەوەی کورد بە ئامانجەکەی بگات، کە سەربەخۆیی کوردستانە.



**ساڵی ٢٠٠٥ دەستوور پەسەند کرابوو، بەڵام ئامانج لە هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت، بونیادنانی پرۆسەیەکی سیاسی بوو کە هەموو پێکهاتەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و کۆتایی بە حوکمڕانیی دیکتاتۆری تاکە مەزهەب و نەتەوە لە عێراقدا بهێنێت و کۆمارێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی جێگەی بگرێتەوە**

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو لیستانەشی کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە دیارن، هاوهەڵوێستن لەگەڵ لیستی پارتی بۆ پاراستنی هەرێم و حکومەت، دەبنە نوێنەری راستەقینەی گەل و هەرێمی کوردستان و بەغدا ناچار دەبێت لەگەڵ ئەوان وەک نوێنەری راستەقینەی حکومەت و گەلی کوردستان دانوستاندن و مامەڵە بکات**

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق هاوتای یەکەمین هەڵبژاردنی دوای پەسەندکردنی دەستوور لە ٢٠٠٥ گرنگە، هەڵبژاردنی دوای پەسەندکردنی دەستوور بووە سەرەتای دەستپێکی بونیادنانەوەی عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، بە هەمان شێوە هەڵبژاردنی ئایاری ٢٠١٨ش دەبێت ببێتە دەستپێکی بونیادنانەوەی عێراقی دوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامیی داعش.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستوور پەسەند کرابوو، بەڵام ئامانج لە هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت، بونیادنانی پرۆسەیەکی سیاسی بوو کە هەموو پێکهاتەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و کۆتایی بە حوکمڕانیی دیکتاتۆری تاکە مەزهەب و نەتەوە لە عێراقدا بهێنێت و کۆمارێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی جێگەی بگرێتەوە.

لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ ش کاتێك دەچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان، دیسان دەستوورەکەی ٢٠٠٥ بوونی هەیە، بەڵام وەك ئەوکات بەشێکی زۆری ئەو دەستوورە جێبەجێ نەکراوە و بەشێکی زۆریشی پێشێل کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن لە قۆناخی دوای رژێمی سەدام حوسێن، ئامانجی پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی و لیستی کوردستانی بەتایبەتی، بۆ ئەوە بوو کە نوێنەرەکانیان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا وەك نوێنەری کوردستان پشکداری لە جێبەجێکردنی دەستوور و ئامادەکردنی رەشنووسی یاساکان لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە بکەن، نەك تەنیا وەك پەرلەمانتارێك بەشداری کۆبوونەوەکانی عێراق بکەن.

ئەمجارەشیان کە قۆناخی دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعشە، ئامانجی ئەو لیستە کوردستانییانەی بەرگری لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن بەگشتی و لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتی پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەپلەی یەکەم و سەرەکی ئەوەیە وەك ساڵی ٢٠٠٥ سەرلەنوێ دەستووری عێراق بە کۆی هەموو ماددەکانی و دیباجەکەیەوە بێننەوە ناو پەرلەمان و لەناو پەرلەماندا نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن و داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی عێراق بکەن.

پرۆسەی سیاسیی عێراق، دوای هاتنی داعش و راگەیاندنی خەلافەتەی ئیسلامییەکەی لە ساڵی ٢٠١٤ لەبەریەك هەڵوەشاوە و جارێکی دیکە بە هاوشێوەی پێش ٢٠١٤ رێك ناخرێتەوە، هەر بۆیە قۆناخی دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش بە هاوشێوەی قۆناخی دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، پێویستی بەسەرلەنوێ بونیادنەوەی پرۆسەیەکی نوێی سیاسی هەیە، بەڵام هەموو لایەك لەوە دڵنیان کە پرۆسەی سیاسی دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، بۆ قۆناخی دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش کۆپی ناکرێتەوە و دووبارە پێویستی بەوەیە کە کۆی هێزە سیاسییەکانی عێراق لەسەر پرۆسەیەکی تازە رێکبکەونەوە.

دەستووری عێراق ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، بێجگە لە کۆمەڵێك کاغەزی رەشکراوە شتێکی دیکە نابێت و، وەك ئەوە وایە کە عێراق دەستووری نەبێت، بەڵام ئەگەر لە دوای پەسەندکردنی دەستوورەکە لە ٢٠٠٥ میکانیزمێك دروست کرابێت بۆ ئەوەی دەستوورەکەی پێ جێبەجێ بکرێت و ئەو میکانیزمە شکستی هێنابێت، ئەوا ئەمجارەیان ناکرێت هەمان میکانیزم و ئەزموونی شکستخواردووی ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە بکرێتەوە و پێویستی بە میکانیزمی تازە هەیە.

بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، میکانیزمی جێبەجێکردنی دەستوور بەو شێوەیە بوو، هەرێمی کوردستان وەك دیفاکتۆ هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەغدا رێکبخرێت و، کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ بە سێ قۆناخ (ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە، ئەنجامدانی سەرژمێری و پاشان ریفراندۆم) چارەسەر بکرێت، سەبارەت بە بەشە عەرەبییەکەی عێراقیش (ناوچەکانی عەرەبی سوننە و شیعە) میکانیزمەکە بەو شێوەیە بوو لەسەر بنەمای دەستوور، یاسایەك بۆ دروستکردنی هەرێمەکان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەربکرێت و چەند هەرێمێکی دیکە لە عێراق دابمەزرێت و ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ

نوێنەرایەتیی هەرێمەکان هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دابمەزرێت. بەڵام وەك ئێستا دەبینین هیچ بەشێکی ئەو میکانیزمە جێبەجێ نەکراوە و ئەوەشی تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەوا پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بەپێی دەستوور رێك نەخراوە، هەروەها سەبارەت بە کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، نەك هەر ماددەی ١٤٠ی دەستوور پێشێل کراوە، لەمەش زیاتر تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە پێچەوانەی دەستووری عێراقەوە داگیرکراون و بەشێکی زۆری خەڵکەکەشی ئاوارەو دەربەدەر بوون. ئەمەش بەدەق مانای ئەوەیە بە کردەیی دەستوور لە نێوان کوردستان و عێراق لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە پێشێل کراوە و دەبێت ئەم پێشێلکارییە کۆتایی بێت و، هەر بۆ کۆتاییهێنان بە پێشێلکاریی دەستووری دژی کوردستان، کاندیدانی لیستی ١٨٤ دەچنە پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی راستەقینەی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

- **بونیادنانەوەی پرۆسەیەکی نوێی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق**

دەستووری عێراق لە بنەڕەتدا بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە و رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراقی رژێمی سەدام حوسێن نووسراوەتەوەو پەسەند کراوە. ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ئەو قەوارە سیاسییەی لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ لە کوردستان وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیا لە عێراق، بونیادنراوە، قەوارەیەکی سەرکەوتووی سیاسی بووەو، دەکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا پەیوەندیی نێوانیان رێك بخرێتەوە، لەمەش زیاتر بەپێی دەستووری عێراق، پرۆسەی سیاسیی عێراقی عەرەبی (نێوانی عەرەبی شیعە و سوننە) چۆن رێك دەخرێتەوە و چۆن بونیاد دەنرێتەوە، ئەوا نابێت کاریگەری لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەروەها پەیوەندییەکانی




## عەرەفات کەرەم مستەفا برایم

**کاندیدی ژمارە ٥**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**تیمێکی بەهێزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا، زامنی وەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کوردستانە و هەر بەمەش سازش لەسەر مافەکانی کورد ناکرێت، هاوکات بۆ بەدەستهێنانی بەشی دادپەروەرانەی کوردستان لە داهاتی عێراق پێویست دەکات پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەهێز و کاریگەر بێت، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.**

**لەسایەی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا وەک هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیری ئەم مافە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان دەکات**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە حکومەتی بەغدای قبووڵ نەکرد کە هەرێمی کوردستان بە «پارێزگاکانی باکووری عێراق» ناوی ببات و بەغدا ناچار بوو، جارێکی دیکە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات**

نێوان هەولێر و بەغدا هەبێت.

بەداخەوە لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، حکومەتی عێراق بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کوردستان، هەوڵیدا قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان داگیربکات و هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەرایەتی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحموودیە و پاش ئەم داستانانەش دروستبوونەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان، وایکرد کە خەونە نەزۆکەکەی بەغدا بۆ هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان لە گۆڕ بنرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا وەك ساڵانی دوای ٢٠٠٣، دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان بریتی دەبێت لە شێوازی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی خاك و سنوور لە نێوان کوردستان و عێراق بەپێی دەستووری عێراق، بەشەکەی دیکەشیان ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی دەبێت لە ناو بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا و لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا، ئەوجا لە قۆناخی دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، پرۆسەی ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، وەك دوای ساڵی ٢٠٠٥ هەوڵێکی دیکە دەبێت بۆ دروستکردنی چەند هەرێمێکی فیدراڵی، یان دروستکردنی حکومەتێکی سەنتراڵی بۆ هەردوو پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوننە، ئەوا چۆن ڕێکیدەخەنەوە پەیوەندی بە شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداوە نابێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێك لەو حزبە کوردستانییانەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوشانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق کاندیدی خۆیان بۆ پەرلەمانی عێراق ئامادە کردووە، بۆ ئەو مەبەستە کاندیدەکانیان نانێرن کە ببنە پەرلەمانتاری عێراقێکی بێ ناونیشان و وەك عێراقی بیر بکەنەوە، بەڵکو وەك نوێنەری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان دەیاننێرنە پەرلەمانی عێراق، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانی عێراقدا داکۆکی لە هەرێمی کوردستان بکەن، وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە کاندیدەکانی پارتی و ئەو حزبە کوردستانییانەی داکۆکی لە شەرعییەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەتا ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەبن کە عێراق لە هەنگاوەکانی بونیادنانەوەی عێراقێکی فیدراڵی و پەرلەمانی سەرکەوتوو بێت، ئەگەر خوانەخواستە وەك لەدوای ٢٠١٢وە بە ئاشکرا بینمان، حکومەتی بەغدا بەرەو دیکتاتۆریەتێکی مەزهەبگەرای شیعە هەنگاوی هەڵگرتەوە، ئەوا چۆن لەدوای ٢٠١٢ سەرۆك بارزانی بە جیهانی راگەیاند، گەلی کوردستان جارێکی دیکە نابێتەوە بە بەشێك لە عێراقێکی دیکتاتۆری و پاشانیش لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ گەلی کوردستان ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا، ئەوا ئەمجارەش ئەگەر ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا نەگۆڕێت، لەسەر بنەمای ئاکامەکانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوول نابینەوە بە بەشێك لەو عێراقەی کە بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کاندیدەکانی پارتی و ئەو حزبە کوردستانییانەی داکۆکی لە شەرعییەتی مانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەن، جۆرێك لە هاوپەیمانی لەگەڵ لیستە عەرەبییەکانی سوننە، یان شیعە دورست دەکەن، بەڵام ئەم هاوپەیمانییەش لەسەر ئەو بنەمایە گرێدەدرێت کە ئەو لیستە عەرەبییانە ئەوجا (سوننە بن، یان شیعە) بیسەلمێنن کە ئەقڵییەت و تێڕوانیان بۆ حوکمڕانیی عێراق گۆڕاوە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە سەرلەنوێ عێراقێکی نوێ بونیاد دەنێننەوە.

لە چوارچێوەی ئەم هاوکێشە تازەیەی کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق دێتەئاراوە، هەرێمی کوردستان بە تەنیا وەك قەوارەیەکی سیاسی پاڵپشت بە دەستووری عێراق، لایەنێکی سەربەخۆ دەبێت و کۆی

عێراقی عەرەبی پەرتەوازەش پێکەوە لایەنێکی دیکە دەبێت. حکومەتی داهاتووی عێراقیش هەر چۆنێك پێکبهێنرێت و هەر کەسێك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەکەی بێت، دەبێت کابینەکەی لەم دوو بەشە سەرەکییە پێکبهێنێت. راشکاوانەتر ئەم میکانیزە لەنێوان ئەو لایەنانەی کوردستان و لیستە عەرەبییەکانی شیعە و سوننە بەو جۆرە کاردەکات کە تەنیا ئەو لایەنە سیاسییانە دەبنە نوێنەری خەڵکی کوردستان کە داکۆکی لە شەرعییەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەو لایەنانەشی دەبنە نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستان و لەسەر بنەمای پشکداریی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی داهاتووی عێراق بەشداری دەکەن، نوێنەرایەتی تەواوی پشکی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عێراقدا دەکەن، ئەمەش واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو لایەنە سیاسییانەی وەك پارتی سەیری ئایندەی هەرێمی کوردستان دەکەن، وەك حزب و لیستی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دانوستاندن لەگەڵ هیچ لیستێکی عەرەبی (شیعە، یان سوننە) ناکەن، بەڵکو وەك نوێنەرانی گەلی کوردستان و پشکی گەلی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا مامەڵە دەکەن و هاوپەیمانی گرێدەدەن، بۆیە ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستان کە خۆیان لە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان جیادەکەنەوە و دەیانەوێت بە عەبای عێراقچییەتییەوە، سەنگ و شکۆی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بچووك بکەنەوە، ئەوا ئەو کارەیان پێ ناکرێت و تەنیا خۆیان بچووك دەکەنەوە و لە ژێر سەقفی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستاندا خۆیان دێننە دەرەوە، هەروەك چۆن بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠، خۆی لە ژێر سەقفی هاوپەیمانیی کوردستانی هێنایەدەرەوە، بەو ئامانجەی لە دەرەوەی هاوپەیمانیی کوردستانی دانوستاندن بکات و بەشێك لە پشکی کوردستان وەربگرێت، بەڵام هیچ لایەنێك دانوستاندنی لەگەڵ نەکرد و لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق (کابینەی دووەمی نوری مالیکی) بێبەش کرا.




# کاوان ئیسماعیل ئیبراهیم مەحموود


## کاندیدی ژمارە ١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، واتە دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان. لیستی پارتی، لیستی پێشمەرگەو پارێزەرانی خاکی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت کورد و کوردستان هێزێکی گەورەو بەسەنگی لە بەغدا هەبێت، دەبێت پارتی بەهێز بێت، بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی ژمارە ١٨٤ دەدەین.**



**کاندیدەکانی پارتی و ئەو حزبە کوردستانییانەی داکۆکی لە شەرعییەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەتا ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەبن کە عێراق لە هەنگاوەکانی بونیادنانەوەی عێراقێکی فیدڕالی و پەرلەمانی سەرکەوتوو بێت**

مامەڵەکردن لەگەڵ نوینەرانی راستەقینەی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای پشکی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، پرسێك نییە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە هاوپەیمانەکانی بە سەر حکومەتی عێراقدا فەرزی بکەن، یاخود بیکەنە مەرجی پێشوەختی دانوستانەکانی داهاتوو لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکانی (شیعە و سوننە) لە عێراقدا، بەڵکو ئەم مەرجە خۆی فەرز دەبێت بەسەر ئەو هاوپەیمانییەی کە رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و ئەگەر ئەم مەرجە پێش هەر شتێکی دیکە جێبەجێ نەکات، ئەوا نە دەستوور هیچ مانایەکی دەمێنێت و نە دەوڵەتێکیش بە ناوی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بوونی دەبێت، هەروەها ئەو هاوپەیمانییە سیاسییە عەرەبییەش کە بۆ پێکهێنانی حکومەت دروست دەبێت، ناتوانێت لەگەڵ حزبێکی سیاسیی کوردستان وەك نوێنەری خەڵکی کوردستان دانوستاندن بکات، کە ئەو حزبە سیاسییە خۆی دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو حزبەی کوردستان بکات، کە بڕوای بە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نییە،



ئەوا چەند وەزیری کوردیش لەناو کابینەی حکومەتی داهاتووی عێراقدا بوونی هەبێت، وەك بەشداریی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی و حکومەتی داهاتووی عێراق لە قەڵەم نادرێت.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو میکانیزمەی کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی نوێی سیاسی لە بناخەوە لە عێراقدا بونیاد بنرێتەوە، ئەوا ئەم پرۆسە سیاسییە نوێیە پێویستی بە لێکتێگەیشتنی نوێ و میکانیزمی نوێ دەبێت بۆ عێراق کە جارێکی دیکە لە قۆناخی دوای خەلافەتی ئیسلامی داعش بونیاد


١٨٤




# د. بەشیر خەلیل تۆفیق واحید

**کاندیدی ژمارە ٢**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**هەتا پارتی بەهێز بێت، دۆزی کوردو کوردستان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بۆیە بۆ زامنی مافە دەستوورییەکانی کوردستان لە بەغدا دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، ئەمەش وادەکات کورد لە بەغدا بەهێز بێت.**

**لەدوای ٢٠١٢ سەرۆک بارزانی بە جیهانی ڕاگەیاند، گەلی کوردستان جارێکی دیکە نابێتەوە بە بەشێک لە عێراقێکی دیکتاتۆری و پاشانیش لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ گەلی کوردستان ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا، ئەوا ئەمجارەش ئەگەر ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا نەگۆڕێت، لەسەر بنەمای ئاکامەکانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوول نابینەوە بە بەشێک لەو عێراقەی کە بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێت**

**لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، حکومەتی عێراق بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کوردستان، هەوڵیدا قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان داگیربکات و هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەرایەتی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحموودیە و پاش ئەم داستانانەش دروستبوونەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان، وایکرد کە خەونە نەزۆکەکەی بەغدا بۆ هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان لە گۆڕ بنرێت**

بنرێتـەوە. بونیادنـەوەی عێراقـی دوای داعـش بـە پلـەی یەکـەم پێویسـتی بـە ڕێکخسـتنەوەی پرۆسـەی سیاسـیی بەشـە عەرەبییەکـەی عێـراق (نێوانـی شـیعە و سـوننە) هەیـە، لەبـەر ئـەوەی شـتێك لـە نێـوان عەرەبـی سـوننە و شـیعە نەمـاوە نـاوی (پرۆسـەی سیاسـی) بێـت، ئەوجـا کاتێـك هەوڵدەرێـت میکانیزمێـك بـۆ ڕێکخسـتنەوەی پرۆسـەی سیاسیی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە بدۆزرێتـەوە، ئـەو کاتـە دەبێـت عەرەبـی شـیعە و سـوننە پێکـەوە لەگـەڵ کوردسـتان دانوسـتاندن بکـەن بـۆ ئـەوەی پەیوەندیـی داهاتـووی نێـوان کوردسـتان و عێـراق ڕێکبخەنـەوە.

## ● کوردستانییەتی لیستی ١٨٤ و عێراقچییەتیی هەندێك لیستی دیکە

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هـەر لەسـەرەتاوە لە خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردنی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقـدا، پێـی بـاش بـوو کـە هەمـوو لایەنەکانـی کوردسـتان بـە لیسـتێکی هاوبـەش بەشـداری ئـەم پرۆسـەیە بکـەن، بـەڵام ئـەم پێشـنیارەی پارتـی لەلایـەن بەشـێکی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان ڕەتکرایـەوە، ئەمـەش بـووە هـۆکاری ئـەوەی پارتـی بـە لیسـتێکی سـەربەخۆ لـەم هەڵبژاردنـە بەشـداری بـکات، هـاوکات پێـش ئـەوەی هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن تـەواو بێـت و وێـڕای ئـەو هەڵمەتـە دژەی لەلایـەن چەندیـن لایەنـی سیاسـییەوە دژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەڕێوەدەچێـت، دیسـان پارتـی پێشـنیاری ئـەوە دەکات کـە دوای ئەنجامدانـی هەڵبژاردنەکانیـش دەبێـت هێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان پێکـەوە دابنیشـن و وەك هاوپەیمانیـی کوردسـتانی و نوێنـەری ڕاسـتەقینەی خەڵکـی کوردسـتان بەشـداری پەرلەمانـی عێـراق بکـەن.

ئەم تێڕوانینـەی پارتی لـەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە هەرێمـی کوردسـتان وەك قەوارەیەکـی سیاسـیی یەکگرتـوو لەنـاو پەرلەمانـی عێراقـدا پێگـە و شـکۆی خـۆی بپارێزێـت و ناحەزانـی کوردستان نەتوانـن سوود لـە لێکترازانی نێوماڵی کوردسـتان وەربگـرن، بـەڵام بەداخـەوە هەندێـك لایەنی سیاسیی کوردستان، بەتایبەتی (گـۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانی و نەوەی نوێ و بەشێکی یەکێتی)یـش، لـە بەرامبـەر ئـەم داکۆکیکردنـەی پارتـی لـە شـکۆ و سـەنگی هەرێمـی کوردسـتان، هەمـوو هەوڵـی خۆیـان خسـتۆتەگەڕ بـۆ ئـەوەی ئـەو بەرەیـەی پارتـی بـۆ پاراسـتنی هەرێمـی کوردسـتان ڕێبەرایەتـی دەکات، لاوازی بکـەن و بـەرەی عێراقچێتـی واتـە هەڵوەشـانەوەی قـەوارەی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان کـە ئەوانـە رابەرایەتـی دەکـەن، سـەرکەوتوو بێـت، بیرکردنـەوەی ئـەوان ئەوەیـە بـە هـەر نرخێـك هەڵمەتەکانیـان دژی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چڕتـر بکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی سـواڵی دەنگـی زیاتـر بکـەن.

لـەم هەفتەیـەدا کـە دواییـن هەفتـەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنـە و دوای چەنـد ڕۆژێکی دیکـە دەچینـە سـەر سـندوقەکانی دەنگـدان، گرنگـە ئاراسـتەی گوتـاری بـەرەی کوردسـتانی بۆ داکۆکیکـردن لـە خوێنـی شـەهیدان و قـەوارەی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان، بەتەواوەتـی لەبەرامبـەر بـەرەی عێراقچـی و دوژمنانـی هەرێمـی کوردسـتان یەکلاکـەرەوە بێـت و ڕاشـکاوانە لەگـەڵ میللەتـی خۆمـان قسـە بکەیـن و ڕاسـتگۆیانە ئامانجـی گڵاوی ئـەو دەسـتەبژێرە ئاشـکرا بکەیـن کـە دەیانەوێـت بازرگانییەکـی سـووك بـە خوێنـی شـەهیدانی کوردستانەوە بکـەن و دەیانەوێـت ببنـە پاشـکۆی بەغـدا و هەرێمـی کوردسـتان هەڵبوەشـێننەوە.

لـەم ڕاسـتەوە ئەگـەر سـەرنجی هەڵمەتـە ژەهراوییەکانـی بـەرەی عێراقچییـەکان بدەیـن کـە زۆر بـێ شـەرمانە گاڵتـە بـە خوێنـی شـەهیدان و قارەمانیەتـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەکـەن و بـە ئاشـکرا ئاراسـتەی هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردنـی عێراقیـان گۆڕیـوە بـۆ دژایەتـی و ڕووخاندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، ئـەوا هیـچ چـار نییـە، دەبێـت ئێمـە وەك لایەنگرانـی بـەرەی داکوکیـکار لـە خوێنـی شـەهیدان و پارێـزەری هەرێمـی کوردسـتان ڕاشـکاوانە بڵێـن:

١. ئـەو لیسـتە عێراقچییانـەی کـە هەمـوو هەوڵـی خۆیـان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان نەمێنێت و کوردستان وەك پارێزگاکانی عێـراق مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت و شـتێك بەنـاوی هەرێمـی کوردسـتان وەك قەوارەیەکـی سیاسی بوونی نەمێنێت، ئەوا زۆر بە ڕاشکاوی پێیـان دەڵێیـن: بـە کوێرایـی چـاوی ئەوانـەی

چاویان بە سەروەریی کوردستان و نیشتمانی خۆیاندا هەڵنایەت، لەسایەی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا وەك هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیری ئەم مافە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان دەکات و لە حکومەتی بەغداشی قبووڵ ناکەن، چۆن لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش لێیان قبووڵ نەکرد کە ناوی هەرێمی کوردستان بە (پارێزگاکانی باکووری عێراق) ناوی ببات و پاشان ناچار بوو، جارێکی دیکە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. لەمەش زیاتر تەنیا رایەڵەی نێوان هەرێم و بەغدا دەستووری عێراقە، هەر بۆیە ئەگەر ئەو حزبانە و حزبی دیکەش خۆیان بخەنە ریزی جاشەکان و سەوداو بازرگانی لەسەر کوردستان لەگەڵ بەغدا بکەن، ئەوا هەر کەسێك لە بەغدا دەسەلاتدار بێت، تەنیا یەك رێگای لەبەردەمە کە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، کە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی هەرە زۆری ئەرکی پاراستنی ئەو حکومەتەی خستۆتە سەر شانی خۆی.

٢. عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە، یەکپارچەییەکەی بەستراوەتەوە بەو یەکێتییەی لە نێوان کوردستان و عێراقدا هەیە، ئەو یەکێتییەی نێوان عێراق و کوردستانیش یەکێتییەکی ئارەزوومەندایە، بۆیە ئەگەر حکومەتی بەغدا هەوڵبدات ئەو یەکێتییەی نێوان عێراق و کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پێشێل بکات، ئەوا حکومەتی بەغدا وەك حکومەتی دیمەشق مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دەوڵەتانی بەخشەر و یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ و ئەمریکا جیا لەوەی کە کاری راوێژکار و تیمە سەربازییەکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا رادەگرن، لەمەش گرنگتر بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق ناکەن، هەروەك چۆن ئێستا مەرجی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی بونیادنانەوەی سووریایان گرێداوەتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ رێککەوتنەکانی ژنێف و دوورخستنەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات،




# ناسر یوسف محیەدین ئاودەل

## کاندیدی ژمارە ١٥
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**هەموو کات پارتی هێزی یەکەم و پارێزەری کوردستان بووە، هەروەها بەدیهێنەری مافی چارەی خۆنووسینە بۆ گەلی کوردستان، هاوکات بۆ بەرگری لە مافە دەستووری و رەواکانی خەڵکی کوردستان لەبەغدا، پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بێت و کاراکتەری کاریگەر بێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.**

بێگومـان لایەنەکانـی شـیعەی عێـراق لەگـەڵ ئـەوەی ئەگـەر لەسـەر هیـچ شـتێك هـاوڕا و یەکگرتـوو نەبـن، بـەڵام شـەقی زەمانـە فێـری کـردوون کـە دەبێـت لەسـەر هێشـتنەوەی دەسـەڵات لـە دەسـتی شـیعەدا یەکگرتـوو و هـاوڕا بـن، ئـەوا هـەر لایەنێکی شیعی دوای ئەم هەڵبژاردنە ببێتە لیسـتی یەکـەم و سـەرۆکی هاوپەیمانیی شیعە بۆ پێکهێنانـی حکومـەت، بوێـری ئـەوەی نابێـت کـە هەوڵبـدات هەرێمـی کوردسـتان وەك هەرێمێکـی فیدڕاڵـی هەڵبوەشـێنێتەوە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە زۆر بـاش دەزانـن، ئەگـەر ئـەم هەنگاوە هەڵبگـرن، ئـەوا عێـراق وەك دەوڵەتێکـی فیدڕاڵـی مامەڵـەی لەگـەڵ ناکرێـت و وەك ڕژێمێکـی دیکتاتـۆری و هاوشـێوەی بەشـار ئەسـەد مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن.

٣. ئـەو لایەنانـەی وەك (گـۆڕان و کۆمـەڵ و هاوپەیمانـی و نـەوەی نـوێ و بەشـکێکی یەکێتـی) بـەو شـێوازەی تـا ئێسـتا بینیومانـە بـە دژایەتی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەیان بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن داوە، خۆیان زۆر بـاش دەزانـن کـە بیانەوێـت، یـان نەیانەوێـت، لیسـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئـەو لیستانەشـی کـە لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـەوە دیـارن، هاوهەڵوێسـتن لەگـەڵ لیسـتی پارتـی بـۆ پاراسـتنی هەرێـم و حکومـەت، ئـەوا ئـەوان دەبنـە نوێنـەری راسـتەقینەی گـەل و هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا ناچـار دەبێـت لەگـەڵ ئـەوان وەك نوێنـەری راسـتەقینەی حکومـەت و گەلـی کوردسـتان دانوسـتاندن و مامەڵـە بـکات، دیـارە لـەم حاڵەتـەدا گوتـاری عێراقچییانـەی ئـەو لایەنانـە مەترسـی لەسـەر هەڵوەشـانەوەی هەرێمـی کوردسـتان نابێـت و پێـش ئـەوەی هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن دەسـت پـێ بـکات، بەغـدا هۆشـی هێناوەتـەوە سـەری خـۆی و مامەڵـەی راسـتەوخۆ لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات، بـەڵام مەترسـیی گوتـاری عێراقچییانـەی ئـەو لایەنانـە لەسـەر شـێواز و میکانیزمـی مامەڵەکردنـی نوێنەرانـی کوردسـتان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دەبێـت کـە دەیانەوێـت کێشـەی کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دیکـەی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی دەسـتووری عێـراق چارەسـەر بکـەن و بارودۆخەکـە بگێڕنـەوە بـۆ پێـش خیانەتەکـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەر، بۆیـە لـەم حاڵەتـە گوتـاری خزمـەت بـە داگیـرکار و

**ئامانجی ئەو لیستە کوردستانییانەی بەرگری لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن بەگشتی و لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتی پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەپلەی یەکەم و سەرەکی ئەوەیە وەک ساڵی ٢٠٠٥ سەرلەنوێ دەستووری عێراق بە کۆی هەموو ماددەکانی و دیباجەکەیەوە بێننەوە ناو پەرلەمان و لەناو پەرلەماندا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بکەن و داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی عێراق بکەن**



عێراقچییانەی ئەو لایەنانە دەبێتە کۆسپ بۆ هەوڵەکانی لیستی پارتی و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کارەساتە بهێنن کە بە هۆی خیانەتێکەوە بەسەر ئەو ناوچە کوردستانییانەدا هاتووە.

ئێستا کە چەند رۆژێکمان ماوە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کۆتایی بێت و گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییانەوە لە ماهییەت و بیرکردنەوەی گوتاری عێراقچییانەی ئەو لایەنانە تێگەیشتوون، هەروەها بە روون و راشکاویش پەیامی کوردستانییانەی پارتی و لایەنەکانی دیکە دەبینن و دەزانن جیاوازیی نێوان گوتاری لیستی ١٨٤ و لیستەکانی دیکە لەچیدایە، بۆیە لە رۆژی ١٢ی ئایاری ئەمساڵ لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، ویژدانی خەڵکی کوردستان دەبێتە مەحەکی نیشتمانپەروەریی و ئومێد زۆرە کە بە دەنگەکانیان سزایەکی توندی ئەو لایەنە سیاسییانە بدەنەوە کە بێ شەرمانە لەسەر حیسابی خوێنی شەهیدان بە گوتاری عێراقچێتی دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکەن.




# محەمەد ئەمین فارس ئەمین کەریم

## کاندیدی ژمارە ٣
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ گێڕانەوەی پرەنسیپەکانی شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە جددی کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەکەین. بەهێزیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا زامنی هەموو مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستانە، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.**





**محەمەد کەمال**

**ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# مێژوو سەلماندوویەتی هەر کاتێک پارتی بەهێز بووبێت کورد لە ئامانجە نەتەوەییەکانی نزیک بۆتەوە

ئاشکرایە دۆخێکی سەپێندراو و نەخوازراو باڵی بەسەر کەرکووکدا کێشاوە و لە سایەی ئەم هەلومەرجەشدا هەڵبژاردن لەم شارەدا بەڕێوە دەچێت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای ئەم شارە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و ئایندەی ئەم شارە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ محمەد کەمال ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** چۆن لە دۆخی ئێستای کەرکووک دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئێمە لەسەر ئەو دۆخەی لە کەرکووکدا دروست بووە، سکاڵامان لە حکومەتی عێراق کردووە، چونکە ئەگەر گرفتێك هەبێت لە ناوچە کێشەلەسەرەکاندا، ئەوا دەستوور رێگاچارەی بۆ داناوە، واتە ماددەی ١٤٠ی دەستوور، چارەسەری نەك تەنیا کێشەی پارێزگای کەرکووك، بەڵکو چارەسەری هەر کێشەیەکیش دەکات کە لەو ناوچانەدا روودات کە پەیوەستن بەم ماددەیەوە، واتە لە خانەقینەوە تا دەگاتە شنگال. لەبەر ئەوە نەدەبوو ئەم لەشکرکێشیە بکرێت. کەواتە ئێمە ئیدانەی ئەو لەشکرکێشیەی عەبادی و ئەوانەش دەکەین کە بوونە کەواسووری بەر لەشکر و ئەم دۆخە بە نایاسایی و نائاسایی دەزانین. دواتر من دەڵێم با ئەو کەسانەی هاوکار بوون بۆ ئەم لەشکرکێشییە، بوێری ئەوەیان هەبێت کاندیدەکانیان ببەنە رێگای بەغداو گەڕەکەکانی واست و یەکی حوزەیران و عرووبە لۆگۆی هەڵبژاردنەکانیان هەڵبواسن، با بچن وێنەی کاندیدەکانیان بەرز بکەنەوە، بەڵام ناتوانن، واتە ئەوان نەك تەنیا ناتوانن ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوە، بگرە ناتوانن وێنەی خۆشیان هەڵواسن. کەچی ئێستا دێن و موزایەدە دەکەن، بەڵام خەڵکی کەرکووك ئەمانەی بەسەردا تێناپەڕێت و بەری رۆژیش بە بێژنگ ناگیرێت. لەبەر ئەوەشە من پێموایە پارتی بڕیارێکی راست و دروستی داوە کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی




# کەریم کاوە کەریم

## کاندیدی ژمارە ١١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی مافەکانی گەلی کوردو قەرەبووی کیمیاباران و ئەنفال و قوربانییەکان بکرێت و چیتر لەبەغدا موزایەدەو سازش لەسەر مافەکانی گەلی کورد نەکرێت، دەنگ بدە بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتەی بە خوێنی شەهیدەکانی، کوردستانی پاراست و رێگەی نەدا هێزی داگیرکار داگیری بکەن .**




کەرکووک نەکات، چونکە بەشداریکردنی بە مانای دانپێدانانە بەو ئەمری واقیعەی بە زۆرەملێ سەپێندراوە.

*** باشە لەم دۆخە نەخوازراوەدا کورد چۆن دەتوانێت دەنگ بە کاندیدەکانی بدات لە کەرکووکدا؟ ئایا پێتوانییە دەنگەکانی کورد لەم شارەدا کەم دەکات؟**

- ئەمە تەوجیهاتی حزبی نییە و تەنیا تێڕوانینی خۆمە، بۆیە وەکو بۆچوونی خۆم پێموایە ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەتوانن دەنگ بەو کاندیدە باشانە بدەن کە مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییان تێدایە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو حەمەی حاجی مەحموود سکرتێری حزبی سۆشیالست کە کوڕێکی لەپێناو پاراستنی کەرکووک و بەرگریکردن لە خەڵکی بەشەرەفی شارەکە شەهید بوو، یاخود چەندین کوردی دیکەی نیشتمانپەروەر هەیە کە دەکرێت دەنگیان پێ بدرێت.

**ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەتوانن دەنگ بەو کاندیدە باشانە بدەن کە مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییان تێدایە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو حەمەی حاجی مەحموود کە کوڕێکی لەپێناو پاراستنی کەرکووک و بەرگریکردن لە خەڵکی بەشەرەفی شارەکە شەهید بوو**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لەبەر هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کەوتۆتە بەر شاڵاوی دوژمنان، بەڵام ئێستاکە لە ناوخۆی کوردستانیش حزب و کەسانێک پەیدابوون بە هەمان قەوانی دوژمنان هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر پارتی، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە ٧٠ ساڵی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەوە سەلمێندراوە؛ هەر کاتێك پارتی بەهێز بوبێت، میللەتی کورد بەهێز بووە و لە ئامانجە نەتەوەییەکانی نزیك بۆتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە دوژمنە دەرەکییەکان و خیانەتکارە ناوخۆییەکان هەمیشە هەوڵیانداوە لە پێگەی پارتی بدەن، بەو مەبەستەی پارتی لە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دوور بخەنەوە. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم ئەوانەی لە ناوخۆدا هێرش دەکەنە سەر پارتی، ئەوا بۆ رازیکردنی کەسان و وڵاتانی دەرەکییە.

*** کەواتە پێتوایە ئەمجارەش پارتی بە گوڕ و تینی زیاترەوە دەچێتەوە و بەغدا و داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکات؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی ٧٠ ساڵ خەبات و خاوەنی جەنابی کاك مسعود بارزانی-یە کە لەسەر حیسابی ژیان و خوێن و پۆستی خۆی ریفراندۆمی کردو ریفراندۆمەکەش سەرکەوتوو بوو، هەربۆیە ئەوان لە پێگەو دەسەڵاتی پارتی دەترسن، چونکە هەر کاتێك پارتی بەهێز بێت، گەلی کورد لە ئامانجە نەتەوەییەکانی زیاتر نزیك دەبێتەوە.

*** باشە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە پەرلەمانتارە کوردەکان لە دوای هەڵبژاردنەوە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستییە بزانین کە ژمارەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا بگاتە ١٠٠ کورسیش – کە لە خولەکانی پێشوودا لە نێوان ٥٥ بۆ ٦٨ کورسی بووە- ناتوانێت بە تەواوەتی هاوکێشەکە بگۆڕێت، چونکە لە کۆی ٣٢٩ کورسی ناتوانێت کۆبوونەوەکان پەك بخات و کارێك بکات کە نیساب تەواو نەبێت و رێگری لە یاسایەکی دژ بە کوردستان بکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت بوونی کورد لە بەغدا باشە و تاوەکو کورسییەکی زیاتریشی هەبێت باشترە.

*** کەواتە تا چەند پێویستە کە پارتی ئامادەبوونێکی بەهێزی لە پەرلەمان و لە حکومەتی عێراقدا هەبێت؟**

- بوونی پارتی گرنگە، لەبەر ئەوەی پارتی میسداقییەتی هەیە، لەسەر ئاستی ئیقلیمی، هەروەها نێودەوڵەتیش، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە پارتی سەرکێشی ناکات و تاوەکو شەڕ بەر دەرگاکەی نەگرێت، دەستپێشخەری شەڕ ناکات، دواتر پارتی باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بە دیموکراسی هەیە. بەڵام ئێستا کەسانێکی دیکە دێن، کە سەردەمانێك خۆیان بەرپرسیارێتی راستەوخۆی حوکمڕانییان بەدەستەوە بووە حکومەتیان دوچاری قەرزاری کردووە و چەندین پڕۆژەی پڕ لە کەموکوڕییان کردووە، کەچی باس لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەن.

*** دوا پەیامت چییە؟**

- من داوا لە خەڵکی کەرکووك دەکەم کە خۆڕاگر بن و داوای پاراستنی تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیان دەکەم، چونکە ئەم بارودۆخە لە دەسەڵاتی هیچ پێکهاتەیەکدا نەبووە، بەڵکو بەسەر هەمووانیدا سەپێندراوە، خۆ ئەگەر کەسێکی تورکمان، یان عەرەب لێدوانێکی شۆڤێنی بدات، ئەوا هیچیان نوێنەرایەتی پێکهاتەی خۆیان ناکەن، بۆیە دووبارە داوای پاراستنی گیانی برایەتییان لێدەکەم، چونکە رۆژێك دێت کەرکووك بۆ کەرکووکییەکان دەگەڕێتەوە.




# رێبوار هادی عەبدولرەحمان

## کاندیدی ژمارە ١٧
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی کوردستانەکەمان هاوشێوەی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی جیهان پێش بکەوێت، کاردەکەم بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت، وەک کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنمان بەخۆمان داوە کە بجەنگین لە پێناو سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی تاکی زوڵملێکراو بەبێ جیاوازی، هەروەها بەگژ گەندەڵ و گەندەڵکاراندا بچینەوە و نیشتمان بنیاد بنێینەوە لەسەر بنچینەیەکی دروست لە رووی تەندروستیی یاسایی کە زامنی ژیانی ئێمە و نەوەکانمان بکات.**

# سلێمانی
# لە کاروانی نەتەوەیی دانابڕێت

**شاری سلێمانی دەنگ بە کاندیدێک دەدەن لە بەغدا سازش نەکات لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک و سەربەخۆیی کوردستان، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن، ئەو پارتەی ڕێگای لە داعشە تیرۆریستەکان گرت کە کورستان کاول بکەن**

سلێمانییەکان لە هەموو کاتێك زیاتر لە ئەمڕۆدا مۆرکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییان پێوە دیارە، چەند دوژمنانی کورد کار بۆ دوورخستنەوەی ئەم شارە لە ڕەوشی کوردایەتی بکەن، خەڵکە ڕەسەنەکەی زیاتر روو لە خەبات و کاری نەتەوەیی دەکەن، مێژووی ئەم شارەش شاهیدی بۆ ئەو کوردایەتی و نیشتمانپەروەرەییە دەدات، هەرچەندە لە قۆناغە جیاجیاکاندا هەورازو نشێوی بەم کاروانی خەباتەدا دیار بووە، بەڵام تەپ و تۆزی حزبایەتی و رق و قینی رابردووو نەیتوانیوە ڕێگا لەم کاروانە بگرێت. لە ٢٥ی ئەیلوولدا بینیمان چۆن دەنگی زوڵاڵی کوردایەتی لەشاری هەڵمەت و قوربانییەوە دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داو لەسەر دەستی بارزانی مێژوویەکی نوێی بۆخۆی تۆمار کرد.

ڕۆحی نەتەوەیی و کوردپەروەریی لە میرنشینەکانی بابانەوە تاکو دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و دامەزرانی کاژێك و پاسۆك نموونەیەکی کەمە لەو مۆرکە نەتەوەییەی سلێمانی، هەر پارت و گرووپ و لایەنێکی سیاسیش لەم شارەدا دەرکەوتبێت، زوو بێت یاخود درەنگ، دەبێت بگەڕێتەوە سەر مۆرکە ڕەسەنەکەی سلێمانی کە کوردایەتییە، بەپێچەوانەوە وەکو زۆر لە بزووتنەوە و گرووپ و بیروبۆچوونی دوور لە خەسڵەتی کوردایەتی کە تەمەنێکی کورتیان لەم شارەدا هەبوو، بەرەو لەناوچوون دەچن.

مێژووی شارستانی و نەتەوە پێشکەوتووەکان پێمان دەڵێن بونیادنانی نەتەوەو نیشتمانپەروەریی لە ریزبەندی پێشەوەی هەموو ئامانجەکانەوە دێت، لەم بارەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی دۆزە گەورەکەی کوردایەتییەو سەرۆك بارزانی لە پێناو خواست و ویستی گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدان و قوربانییانی نەتەوەکەمان هەموو دەستکەوت و پۆست و بەرژەوەندییەکی خستەلاوەو رووبەڕووی گەورەترین و دڕەندەترین دوژمنەکانی کورد بووەوە، هەر چاوەڕێی ئەمەش لە سەرۆك بارزانی و پارتی دەکرێت کە خاوەنی سیمبولێکی خەباتی کوردایەتین. مەلا مستەفا بارزانی کە لە هەموو جیهان و لە ناو هەموو نەتەوەکاندا بە دۆست و دوژمنی گەلی کوردەوە، کورد بە ناوی مەلا مستەفا بارزانی و ئەو زاتە مەزنەوە دەناسرێتەوە، کە ڕێکخەرو ئاراستەکاری بیری نەتەوەیی بووە، کە سەرکردەکانی پێشوو نەوە لەدوای نەوە بۆ بارزانی -یان گواستۆتەوە، ئیتر چۆن هەندێك لە سیاسەتمەدارە هەڵتۆقیوەکان و میدیاکارە نابەرپرسیارەکان و کەسانی خائین و نادڵسۆز بە نیشتمان دەیانەوێت شاری سلێمانی لەم کاروانەی کوردایەتی و بارزانی دابڕن؟ ئەوانە هەر جارەو بە درۆیەکی نوێ و بە دروشم و بەڵێنێکی بریقەداری پڕ لە فێڵ و ساختەکاری دەیانەوێت راستتیەکان لە پێناوی رازیکردنی ئاغا و قەومچییەکان و مەزهەبییەکان بشارنەوەو نەوەکانی ئەمڕۆ هەڵخەڵەتێنن، بەڵام ئەزموونەکانی رابردوو پێمان دەڵێن مێژووی ئەو ساختەکارە سیاسی و فێڵبازە بازرگان و سیاسەتمەدارە بچووکانە کورتە، گەلی کوردستان و سلێمانییەکان لە پاڵ دەستە خوشکەکانی شارەکاندا بۆ دواوە ناگەرێنەوە و جارێکی تر بۆ شۆڤێنی و مەزهەبچییەکانی عێراق دەیسەلمێنن: ئێوە رقتان لە کێیەو لەکێ دەترسن کە سەربەخۆیی بۆ کورد دابین بکات، ئێمە دەنگ بەو دەدەین و بەهێزەوە دەیگەڕێنینەوە ناو پەرلەمانی عێراق. شاری سلێمانی دەنگ بە کاندیدێك دەدەن لە بەغدا سازش نەکات لەسەر



ڕێباز عوسمان
بۆ گوڵانی نوسیوە

کوردستانییەتی کەرکووك و سەربەخۆیی کوردستان، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن، ئەو پارتەی ڕێگای لە داعشە تیرۆریستەکان گرت کە کورستان کاول بکەن، هەروەکو چۆن ڕێگای لە حەشدو تاڵانچییەکانیش گرت لە پردێ و سحێلاو مەخموورو مەحمودییە، پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی بوون ڕێگرییان لە پاوانخوازیی داگیرکردنی خاکی کوردستان و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردان کرد. پارتی شکست بە نسکۆ و گەمارۆ و بڕینی بودجەو مووچەی خەڵك هێنا، ئەمڕۆ لە پایتەختی کوردستان گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمریکا لەجیهاندا دەکرێتەوە، جیهان لەسایەی قارەمانێتی پێشمەرگەدایە کە ڕێگەی نەدا بەغدا و تاران و ئەنقەرە کوردستان داگیر بکەن.

ئەمریکاو ڕۆژئاوا پێویستان بە بارزانی هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی عێراقە شکستخواردووەکەی دوای داعش، سەردانی شاندە بەرزەکانی ئەمریکاو وڵاتان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن لە ئێستادا لەهەموو کات زیاتر دۆخەکە پێویستی بە بارزانی هەیە، ڕێزگرتن و بەرزڕاگرتنی ناو و ناوبانگی سەرکردەکان نەریتێکی بەجێماوی باوك و باپیرانمانە، چەند قین لەدڵان و خۆفرۆشان هەوڵی لەکەدارکردنی پیرۆزییەکانی نیشتمان و نەتەوەکەمان بدەن، بەڵام بۆیان ناچێتەسەر و خۆری کاروانی نەتەوەیی بەردەوام و ڕۆژانە هەڵدێتەوە و سلێمانی لە ڕیزبەندیی پێشەوەی شارە نەتەوەییەکان دەمێنێتەوە و دایکی نیشتمانیش پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی ڕۆڵەکانی هەیە. هەر بۆیە لەناو جەنجاڵی سیاسەت و پشێوی ڕاگەیاندکارانی شارەکەم و دەجالەکانی سیاسەتدا کوردایەتیی سلێمانی هەر دەمێنێت.




# شەپال حەسەن ڕەمەزان سەفەر

## کاندیدی ژمارە ٥
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**پێکەوە بەرەو پرۆسەی دەنگدان دەڕۆین، پرۆسەیەک، کە گیانی شەهیدان ئاسوودە و خەباتی گەلەکەمان بەرهەمدار دەکات، کاردەکەین بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئیرهاب و گوشاری بەئامانجی کۆچپێکردن بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا بهێنین. بۆیە پێویستە پێکەوە دەنگ بە لیستی ژمارە (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکانی بدەین.**



دیپاک گوپتا

پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# دۆخێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بووە، ناتوانین پێشبینی بکەین

دیپاک گوپتا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە (San Diego State University) بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە. بە شێوەیەکی سەرەکی توێژینەوە لە چەند بوارێکی گرنگدا دەکات، وەك: هۆکارەکانی تیرۆریزم، ناکۆکیی ئیتنی و کاریگەری ناسەقامگیریی سیاسی لەسەر گەشەکردنی ئابووری. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی ڕکابەری تایفەگەری و ئیقلیمی نێوان سعودیە و ئێران و چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی گرووپی ٥+١ لەگەڵ ئێران و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیری و ڕوونی نییە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و ئایا نەبوونی سیاسەتێکی لەم چەشنە چ ئاکام و دەرهاویشتەیەکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەوەی من بەدی دەکەم، پەرەسەندنی سیاسەتێکی جێگیرە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە لە بوارێکی دیاریکراودا، ئەویش مەیل و هاوڕابوونی ئەم ئیدارەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەمە لە کاتێکدا ئیسرائیل پەرەی بە پەیوەندییەکی بەهێزتر داوە لەگەڵ جیهانی عەرەبی سوننەدا، ئەوەتا ئێستا ئیسرائیل و سعودیە دژی ئێرانی شیعە و سووریان. کەواتە دەبێت لە چوارچێوەی ئەم پەرەسەندنانەدا ئێمە هەوڵی تێگەیشتن لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بدەین.


١٨٤




دانا محەمەد جەزا عەلی محەمەد

کاندیدی ژمارە ٢ لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بۆیە دەنگ بەلیستی ژمارە ١٨٤ دەدەم، چونکە لیستی شەهیدان و داکۆکیکاری مافەکانی گەلی کوردە، ئەو لیستەیە کە داکۆکیکارێکی سەختی گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە، سەقامگیری و ئارامی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەهێنێت و خاکی کوردان دەپارێزێت. هەروەها بۆ قەرەبووی خەڵکی زیان لێ کەوتووی خورماتوو و ناوچەکانی تر کە لەلایەن حەشدی شەعبی و لەشکری عێراق پەلامار دراون، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.

ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا سیاسەتێکی هاوسەنگتر گیرابووەبەر و ئەو ئیدارەیەش مەبەستی بوو ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا ئەنجام بدات. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە لەو کاتەدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئیسرائیل زۆر بە ئاشکرا گوزارشتی لە بەرهەڵستیی خۆی بۆ ئێران کردووە، ئەویش بەهۆی پشتیوانی ئێرانەوە بۆ حزبوڵڵا و پاڵپشتی حزبوڵڵاوە بۆ حەمماس. هەرچۆنێك بێت، ئەوا لە ئێستادا دەتوانین بڵێین لە میانەی شەڕی نێوان شیعە و سوننەدا، ئەمریکا تەواو لایەنگریی جیهانی سوننە دەکات.

*** کەواتە دەتوانین پێشبینی قووڵبوونەوە و چڕبوونەوەی ناکۆکی و ڕکابەری تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننە بکەین لەم ناوچەیەدا؟**

- لە ڕاستیدا ئێستا ئەو ڕکابەرییە لە ئارادایە، ئەوەتا ئێستا سعودیە ڕووبەڕووی هێرشی مووشەکی دەبێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی دەستی دایە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە نێو یەمەندا. کەواتە لە ڕوانگەی منەوە ئەم ڕکابەرییە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەچێت، ئەوەتا ڕووسیاش بۆتە هاوپەیمانی شیعە، واتە بۆتە هاوپەیمانی سووریا و ئێران، هەموو ئەمانەش دۆخێکیان خوڵقاندووە کە نەتوانین پێشبینی بکەین کە دەقاودەق هەلومەرجەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. واتە دەتوانین چوارچێوەی پەرەسەندنەکان دەستنیشان بکەین، بەڵام ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئایندەدا ڕوودەدات.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین لە ئێستادا سووریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا؟**

- ڕەنگە بتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەو بەرەنگاری و ڕکابەرییە لە ئارادا نییە کە لە سەروەختی شەڕی سارددا لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکادا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادمیر پوتین هەڵوێستی سەخت دەگرێتەبەر و ئەوەتا پشتیوانی ئێران دەکات، لە کاتێکدا لایەنەکەی دیکە پاڵپشتی سعودیە و گرووپەکانی دژ بە شیعە دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئاڵۆزترکردنی بارودۆخەکە، چونکە ئێمە نازانین ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر شەڕی داعش، چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر گرووپەکانی دیکە، وەك کورد و ئەو گرووپانەی دیکە کە شەڕی دژ بە داعش دەکەن و لە هەمان کاتدا دژی ئێرانیشن. مەبەستم ئەوەیە ئەو گرووپانەی بەشێك نین لە ڕکابەریی نێوان شیعە و سوننە، بەڵکو خەبات و شەڕیان لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیان و لە پێناوی مافەکانی خۆیاندایە، ڕەنگە لەم پێناوەشدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوادا ئەنجام بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو گێژاوی ئەم ڕکابەرییەدا گیریان خواردووە.

*** باشە ئێستا زۆر باس لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا دەکرێت لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، پێتوایە ئەمریکا هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵدەگرێت؟**

- ئاشکرایە کە ترەمپ باس لەوە دەکات کە پێویستە پێداچوونەوە و هەمووارکردنەوە بۆ ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە بکرێت، بە چەشنێك کە چارەسەری هەڵسوکەوت و ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا بکرێت، بە هەمان شێوە پرسی پرۆگرامی مووشەکیی ئێرانیش لەبەرچاو بگیرێت، لەگەڵ پشتیوانی ئێران بۆ گرووپەکانی شیعە لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەوەی لە ئێران بەدی دەکرێت بەرهەڵستی و ڕەتکردنەوەیەکی سەختگیرانەیە و ڕۆحانی ئەمەی بە مەحاڵ لە قەڵەمدا و ڕایگەیاند کە تەنانەت ئەوان یەك وشەش لە ڕێککەوتنەکە ناگۆڕن. کەواتە لەم ڕووەوە کار دەکرێت بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران و پشتیوانیی ئێران بۆ گرووپەکانی شیعە و بۆ حزبوڵڵا، ئەمە لە کاتێکدا ئێران گوتاری دژی ئیسرائیلی تەبەنی کردووە، لەبەر ئەوە نازانم ئایا ئێران چ کاردانەوەیەکی دەبێت لە بەرامبەر ئەو فشارانەی ئامانج لێیان سازش پێ کردنی ئێرانە لەم ڕووەوە. کەواتە تەواوی جیهانی گیرۆدەی ئەم گوتارە توندانە بووە و ئێمەش دڵنیانین کە بارودۆخەکە بە کوێ دەگات و چۆن کۆتایی پێدێت.

*** بەڵام چی ڕوودەدات ئەگەر ئەمریکا تاکلایەنە لەم ڕێککەوتنە بکشێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە ڕێی تێدەچێت. دواتر دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەین کە ترەمپ

**دیکتاتۆریەتەکان وەک باڵەخانەیەک وان کە لە دەرەوە و لە ڕواڵەتدا زۆر بەهێز دەردەکەون، بەڵام لە ناوەوە بۆش و بەتاڵن و بە فشارێکی کەم لەق دەبن، چونکە بونیادێکی بەهێزیان نییە**

**ئیدارەی ئێستای ئەمریکا تەواو لایەنگری ئیسرائیلە و قودسیشیان وەک پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل ناساند. لەبەر ئەوە هەموو ئەمانە بۆی هەیە بارودۆخێکی مەترسیدار بخوڵقێنن کە کاریگەرییەکەی بەشێکی زۆری جیهان بگرێتەوە**

**دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دۆناڵد ترەمپ، مایک پۆمپیۆی کردۆتە وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی کە هەڵوێستێکی سەخت و توندی لە ئاست ئێراندا هەیە**

کەسێکی پێشبینی نەکراوە، بە چەشنێك ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین چی ڕوودەدات. هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە دۆناڵد ترەمپ، مایك پۆمپیۆی کردۆتە وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی کە هەڵوێستێکی سەخت و توندی لە ئاست ئێراندا هەیە. کەواتە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا تەواو لایەنگری ئیسرائیلە و قودسیشیان وەك پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل ناساند. لەبەر ئەوە هەموو ئەمانە بۆی هەیە بارودۆخێکی مەترسیدار بخولقێنن کە کاریگەرییەکەی بەشێکی زۆری جیهان بگرێتەوە.

*** باشە لە پەیوەندی بە دەستکەوتەکانی ئیدارەی ترەمپەوە لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا، ئایا ناکرێت پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو کۆریای باکوور و باشوور بە دەستکەوت و بەرەپێشچوونی گەورە لێك بدەینەوە؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخی کۆریای باکوور لە پەرەسەندندایە، ئێمە دەزانین لە ساڵی ٢٠٠٠ هەلومەرجێك دروست بوو کە تەنانەت باس لە ئەگەری یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا دەکرا و تەنانەت یەك تیمیان بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیاد پێکهێنا، بەڵام دواتر دۆخەکە پاشەکشەی کرد. کەواتە ئەگەر من دیکتاتۆرەکەی کۆریای باکوور بم، ئەوا چۆن دەتوانم متمانە بە ئەمریکا بکەم کە ئەوەتا ڕێککەوتنی کردووە و دەیەوێت لێی پاشگەز ببێتەوە، کاتێك ئیدارەکەی دەگۆڕێت، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە میسداقیەتێکی زۆر لەدەست دەدەین ئەگەر بێت و لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بکشێینەوە، کەواتە کاتێك سەرۆکی کۆریای باکوور لەوە دەڕوانێت کە بۆچی قەزافی و سەددام کوژران، ئەوا وەڵامەکەی ئەوەیە لەبەر ئەوەی خاوەنی چەکی ئەتۆمی نەبوون. موعەممەر قەزافی دەستی لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵگرت، بەڵام دووچاری چ چارەنووسێك بوو؟ کوژرا. لەبەر ئەوە پێموانییە ئەم پەرەسەندنەی ئەم دواییە کۆریای باکوور سەرکەوتنی لێبکەوێتەوە. سەرۆکی کۆریای باشوور زۆر هەوڵی ڕازیکردنی ترەمپ دەدات و ڕەنگە ترەمپیش ئەمە بکاتە بانگەشە بۆ خۆی و ڕایبگەیەنێت کە ئەو هۆکاری ئەم بەرەوپێش چوونانەیە، خۆ


١٨٤




# عومەر خدر خدر عومەر

## کاندیدی ژمارە ٣
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی پەیامی دیموکراتی و خەباتە لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان، بۆیە کە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچین، پێویستە ئەو ڕاستییە مێژووییە لەبیر نەکەین کە پارتی خاوەن دۆزە گەورەکەی گەلی کوردە، دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٨٤ دەنگدانە بە خانەوادە سەربەرزەکانی کوردستان و گیانی شەهیدەکان ئاسوودە دەکات.**

ڕێی تێدەچێت، ئەمەش وابێت. بەڵام ئەگەر لە رابردوو بڕوانین، ئەوا لە مێژووی شەست ساڵەی رابردوودا چەندین ڕێککەوتن کراوە، بەڵام دواتر لێی کشاونەتەوە. کەواتە من باوەڕم بەوە نییە کە ئەوان هەنگاوهەڵبگرن بۆ ئەوەی وڵاتەکە بە تەواوەتی لە چەکی ناوکی دابماڵن، دواتر ئایا چەکداماڵینی ناوکی بە مانای چی دێت؟ ئایا ئەمە بە مانای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دەستبەرداربوونە لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆریای باشوور و یابان؟ هەرچۆنێك بێت ترەمپ دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە سەرۆکی کۆریای باکووری جوڵاندووە، ئەگەرچی ئەمە زیاتر لە جووڵەیەکی شانۆیی و رواڵەتی دەچێت، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەمە مەزەندەی منە و من لەسەر بنەمای زانیاری ئەم لێکدانەوەیە ناکەم.

*** کەواتە هێشتا زۆر زووە گەشبین بین؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، زۆر زووە.


*** دوایین پرسیارمان لەبارەی پرسی دیموکراسییە، کە ئێستا زۆر باس لە داکشان و پاشەکشەی دیموکراسی دەکرێت، ئایا خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دیکتاتۆریەتەکان وەك باڵەخانەیەك وان کە لە دەرەوە و لە رواڵەتدا زۆر بەهێز دەردەکەون، بەڵام لە ناوەوە بۆش و بەتاڵن و بە فشارێکی کەم لەق دەبن، چونکە بونیادێکی بەهێزیان نییە. بۆ نموونە ئێمە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا زۆربەی خانووەکانمان لە تەختە دروست دەکرێن، نەك لە خشت- چونکە ئەگەر لە خشت دروست بکرێن، ئەوا کاتێك باڵەخانە دادەڕووخێت، ئەوا خەڵکێکی زۆر دەکوژێت- ئەمە حاڵەتەکەیە لەگەڵ دیکتاتۆرەکاندا، مەبەستم ئەوەیە کە باڵەخانەکانیان لەرزۆکە و زوو دەڕووخێن، ئەگەرچی بەهێز و پتەویش دەربکەون. کەواتە ئەو بانگەشانەی دەکرێت- دەربارەی پاشەکشەی دیموکراسی- بە مانای سەرکەوتنی دیکتاتۆریەت و خۆسەپێنی نییە. ئەگەرچی لە راگەیاندنەکانەوە و بەتایبەتی لە سۆشیاڵ میدیایەوە گوزارشت لە ترس و نیگەرانی دەکرێت لەبارەی کۆچبەرانەوە، کە ئەمە پرسێکە زیاتر سیاسییەکان دەیورووژێنن و پێموایە مەترسی لەسەر ئاشتیی جیهانیش هەیە.

**ئەو گرووپانەی بەشێک نین لە رکابەریی نێوان شیعە و سوننە، بەڵکو خەبات و شەڕیان لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیان و لە پێناوی مافەکانی خۆیاندایە، ڕەنگە لەم پێناوەشدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوادا ئەنجام بدەن**

**کاتێک سەرۆکی کۆریای باکوور لەوە دەڕوانێت کە بۆچی قەزافی و سەددام کوژران، ئەوا وەڵامەکەی ئەوەیە لەبەر ئەوەی خاوەنی چەکی ئەتۆمی نەبوون. موعەممەر قەزافی دەستی لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵگرت، بەڵام دووچاری چ چارەنووسێک بوو؟ کوژرا**

# سەردانی پۆمپیۆ بۆ سعودیە



نووسینی: جیراڵد فێرشتەین

**لە سایتی ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبۆتەوە.**

مایك پۆمپیۆ وەك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سعودیەی کردە ئەولەوییەت و وێستگەیەکی سەردانەکەی، سەرنجی راگەیاندنەکانیش لەبارەی ئەو سەردانەوە لەو داواکارییەی ئەمریکادا چڕبۆتەوە، کە پێدەچێت بوار بە دزەپێکردنی درابێت، -لە بەرە چوار قۆڵییەکەی (سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین) بۆ کۆتاییهێنان بە بنبەستگەیشتنەکەیان لەگەڵ قەتەردا.- لە تێڕوانینی ئەمریکادا ناکۆکی لەگەڵ قەتەردا دەبێتە هۆی لاوازکردنی یەکگرتوویی وڵاتانی کەنداو لە ساتەوەختێکدا کە پێویستە سەرنجەکان لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئێران بن. ئەگەرچی کاردانەوەی سعودیە لەبارەی ئەم هەڵوێستەی ئەمریکاوە- کە دواتر



خاوکرایەوە و کرایە داواکاری لەو لایەنانە بۆ ئەوەی جیاوازییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن- تۆمار نەکرا، بەڵام ئەم سەرزەنشتەی ئەمریکا کاردانەوەیەکی خێرا و دیاریکراوی لێکەوتەوە لەلایەن ئیماراتەوە کە رایگەیاند ئەوە بەرە چوار قۆڵییەکەیە، نەك واشنتۆن، بڕیار لەوە دەدات چۆن و کەی ئەو ناکۆکییە چەند ساڵییە چارەسەر بکات.

سەرەڕای ئەو کێشە کاتییە، ئەوا رەنگە بتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە تەواوی پاڵنەری گەشتەکەی پۆمپیۆ بۆ ناوچەکە بریتییە لە بڕیاری چاوەڕوانکراوی ئەمریکا لەبارەی رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێراندا و دڵنیابوونەوە لەوەی کە تەواوی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هاوڕان لەسەر هەنگاوەکانی داهاتووی ئەمریکا لە دوای ئەگەری کشانەوەی لە رێککەوتنەکە. لەو سیاقەدا، سەردانەکەی پۆمپیۆ پێشوازی گەرمی لێکرا لەلایەن ریازەوە. لە لێدوانە گشتییەکانیاندا، پۆمپیۆ و وەزیری دەرەوەی سعودیە عادل ئەل جوبێر ئاماژەیان بەوەدا کە رێککەوتنە ناوکییەکە شکستی هێناوە لە جڵەوکردنی رەفتارە خراپەکانی ئێران، لە نێوانیاندا دەستێوەردانی لە یەمەندا و جەختیان لەسەر پێداگریی هاوبەشیان کردەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵسوکەوتەکانی ئێران. کەواتە سەردانەکەی پۆمپیۆ نەبووە هۆی رەواندنەوەی ئاماژەکانی هەوری ئەو گێژاوەی لە ئاسمانی کەنداودا چڕدەبێتەوە.




# ئاوات مەحموود ساحیب نەجمەدین

**کاندیدی ژمارە ٥**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە مافی خەڵکی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە. پارتی لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی کورد لە ناو عێراق و دەرەوە هەزاران شەهیدی داوە. پارتی فشار دەکات بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتی هەموو هاووڵاتیان و نەتەوەکان و چیتر مافی خەڵکی کوردستان نەخورێت. پارتی پارێزەری مافە دەستووری و یاساییەکانە و باش دەزانێت کە خەڵکی کوردستان بەهۆی گەمارۆ و بڕینی بودجەوە خۆڕاگر بوون و تەحەمولێکی زۆریان کرد، هەر بۆیە ئەمجارەش بەهێزەوە لەبەغدا داکۆکی لەخەڵکی کوردستان دەکات و کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی موئەسەساتی دەکات کە بێ جیاوازی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان مافەکانیان پارێزراو بێت.**

## لەنێو ململانێ و دەرهاویشتەکانی قەیرانی سووریادا..

# چۆن کوردی ئەو وڵاتە دەتوانن لەم قەیرانە دەرباز بن؟



سەلاح بەدرەدین

بۆ گوڵانی نووسیووە

ئاشکرایە کە لەئێستادا دۆخی کورد لە سووریا چۆن گۆڕاوەو بە چی گەیشتووە، ئەگەر رەچاوی کاریگەریی نەرێنیی فاکتەرە بابەتییە نیشتمانییەکان، هەروەها ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بکەین، لەوەتەی حەوت ساڵی دوای بەرپابوونی شۆڕش کە سەرەتا بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەستی پێ کرد، دواتر رژێمی سەرکوتکار بەرەو ئاراستەی وێرانکاری و ئایینی و مەزهەبیی برد، هاوکات هەموو توانایەکی بەکارهێنا بۆ سەرکوتکردنی گەلی سووریا، لەوانەش کۆمەڵکوژی و پاکتاوی مەزهەبی ئەویش لە رێی میلیشیاکانەوە، بەمەش پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەت تەنیا لەپێناو مانەوەی لە کورسیی حوکمڕانی بەدی دەکەین، بۆیە لەبەرامبەر ئەمەدا بەهیچ شێوەیەك ناتوانین فاکتەری نەرێنیی خودی کورد پشتگوێ بخەین، کە رۆڵی سەرەکی لە ئێستاو ئایندەی گەلی کورددا هەیە.

شۆڕشی سووریا کە لەپێناو ئازادی و کەرامەت و گۆڕانکاریی دیموگرافی دەستی پێکرد، دەرفەتێکی مێژوویی رەخساند بۆ هەموو چین و توێژو پێکهاتە ستەملێکراو و چەوساوەکان، لە سەروویانەوە گەلی کورد بە مەبەستی کۆکردنەوەی هێزەکان و رێکخستن و یەکخستنی ریزەکان و خستنەڕووی بەرنامەیەکی یەکگرتووی سیاسی، یەکەم شت لەپێناو وەدیهێنانی سەرکەوتنی شۆڕش، دواتر بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی و دانانی دەستوورێکی تازە کە مافەکان دەستەبەر بکات، بۆیە دۆخی گشتیی وڵات وەکو پێویست بە لای ئامانجە رەواکاندا نەشکایەوە دوای ئەوەی ئیسلامی سیاسی جڵەوی ئۆپۆزسیۆنی گرتەدەست و شۆڕشەکەی بە ئاقاری بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژییەکاندا برد، ئەویش لە رێی (بە ئیخوانکردنی شۆڕشەکانی بەهار) بە پاڵپشتیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی شۆڕشدا، ئەمە وای کرد کە ئۆپۆزسیۆن لە هێڵی شۆڕش لا بدات، تەنانەت پیلانیش لەدژی بگێڕێت و دواتر هەروەك لەئێستادا دەبینین چۆن لەناویشیان برد.

لەئێستادا سووریا بە دەم کێشەکانەوە دەناڵێنێت، ئەمە وێڕای رەفتارەکانی رژێمی ستەمکار و تاوانی درێژخایەن لە بواری چەند داگیرکارییەکەوە، لەوانە داگیرکاریی سەربازیی رووسیا لەوەتەی سێ ساڵە وەك لایەنێکی پشتیوان و هاوپەیمان، لە کوشتنی هاووڵاتیانی سووریا بە هەموو جۆرە چەکێکی کوشندە بەشدارە، لەمەشدا پشت بە بنکە دەریایی و وشکانی و فڕۆکەخانەکان دەبەستێت، هەروەها داگیرکاریی ئێرانی لە رێی بنکە سەربازییەکان و بارەگای میلیشیاکان و جبەخانە و کارگەکانی چەکسازی، لە هەمووش مەترسیدارتر تێوەگلان لە گەمەیەکی تایفەگەری بە راگواستنی زۆردارەکی و نیشتەجێکردن، هەروەها گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی لە چەندین شارو شارۆچکەدا، هاوکات داگیرکاریی تورکیا لە ناوچەی عەفرین و ناوچەکانی ئیدلب و حەلەب، نابێ داگیرکاریی ئەمریکاش نادیدە بگرین لە چەند ناوچەیەکی فراوانی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، ئەمە وێڕای داگیرکاریی میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی.

### لە رێی گۆڤاری گوڵانەوە، زەنگی مەترسی لێدەدەم

لەسەر ئاستی کورددا تا ئێستا دیمەنی دۆخەکە لێڵ و تەمومژاوییە، ساڵی یەکەمی شۆڕش تێپەڕ نەبوو، بینیمان پەرەسەندنی خێرا روویدا، ئەویش هاتنەپێشەوەی حزبەکان بوو لە گۆڕەپانی کورد لە سووریادا، ئەویش دوای دوورخستنەوەی نیشتمانپەروەرو بێلایەنەکان کە لەنێو شۆڕشدا بوون، دیارە دوورخستەوەشیان لەسەر داوای رژێم بوو کە سەرکردەی هەندێ لە حزبەکان هاوکارییان کرد، ئەویش بە هاندانی دراوسێی کوردستانی بوو کە بۆچوونی وا بوو دەبێ کوردی سووریا بێلایەن بن، هەروەك چۆن سەرۆکی کۆچکردووی عێراق ئاواتی ئەمە بوو، دوای ئەوەی لە دوورەوە سەرپەرشتیی پێکهێنانی (ئەنجومەنی نیشتمانی کورد)ی کردو هاوکاریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندن، هاوکات وەستان لەپاڵ رژێم و دژی شۆڕش بەپێی هەڵوێستی پەکەکەو لقەکەی لە سووریا (پەیەدە) یان ئەنجومەنی رۆژئاڤای کوردستان.

ئەو دوو هەڵوێستە تائێستا هەر بەردەوامن بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییان لە گۆڕینی هاوکێشەی نیشتمانی هەبێت، بەڵکو پەراوێزخستنی کوردی سووریا لە کاروباری وڵات زیاتر پەرەی سەندو لە سایەی ئەو سیاسەتانەوە هیچ دەستکەوتێکی نەتەوەیی بۆ کوردی سووریا نەهاتەدی، بە پێچەوانەوە بۆشایی زیاتر لە ریزی نیشتمانی هێنایە ئاراوە و پرۆژە نیشتمانییەکەی کورد لەنێو ئاپۆڕای

ململانێ حزبییەکاندا بەهەدەر چوو، گرووپەکانی پەکەکە دەسەڵاتیان سەپاندو لە روانگەی رەتکردنەوەی بەرامبەر، تەنانەت تەخوینکردن، یان ئاوارەکردن و پاکتاوکردن، ئەمەش بووە هۆی چۆڵکردنی ئەو ناوچانە، بەتایبەتیش لاوان، هەروەها حزبەکانی ئەنجومەنی کوردی کە رۆڵ و پرۆژە نیشتمانییەکەیان کۆتایی هاتووە، هیچ ئەلتەرناتیڤێکی باشتریان پێشکەش نەکرد، بەڵکو چڕکردنەوەی ململانێکانیان دژی لایەنی دیکە لە بەرژەوەندیی بە هێزکردنی باڵادەستیی پەیەدە بوو، کە زیانی زۆری بە ئەندام و لایەنگرانی ئەوانی دیکە گەیاند.

لەئێستادا سووریا رووبەڕووی چەندین سیناریۆی هەمەلایەنەو هەمەئامانج بۆتەوە، ململانێی هێزە دەرەکییەکان لە رێی بریکارەکانیانەوە راستەوخۆ لەسەر خاکی ئەم وڵاتە درێژەیان هەیە، شەڕو پێکدادانی بچووك و مامناوەندی بەردەوامە، سەبارەت بە ناوچە کوردییەکان تووشی دوو کێشە بوونەتەوە، یەکەمیان لەدەستدانی ناوچەی عەفرین بە هۆی سەرکێشییەکانی پەکەکە، واتا سێیەکی خاك و گەلی کوردی سووریا لەدەست چوو، ئەوی ماوەتەوەش رووبەڕووی هەموو ئەگەرێك دەبێتەوە لە پەلامارو هێرشەکانی رژێم بە بۆردومانکردنی بە بەرمیلە بارووتەکانی رژێم، یاخود داگیرکاریی تورکیا، یان هەڵکشانی هیلالی شیعەی ئێران- عێراق، لەم نێوەندەشدا کورد بێ پڕۆژەن و هیچ تواناو دەسەڵات و بەرنامەو تەگبیرێکیان بۆ رزگاربوون لەم قەیرانە بەدەستەوە نییە.

راستە بەرپرسیارێتیی بنەڕەتیی شکستهێنانی فاکتەریی خودیی کورد دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتیی ئەو حزبانە لە هەردوو ئەنجومەن، هەتا ئەگەر بە شێوەی جیاواز بێت، بەڵام گەلی کوردی سووریا بەرپرسە لە واقیع و چارەنووسی خۆی، هەروەها هەردوو فاکتەری سووری و کوردستانی پشکیان لەو بەرپرسیارێتییە بەردەکەوێت، بۆیە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە بەدوای رێگەیەکدا بگەڕێن تا بە خێرایی رزگاریان بێت، بێگومان و پێمانوایە کە قبووڵکردنی پرەنسیپی کۆنگرەی نەتەوەیی- نیشتمانیی کوردیی سووریا، تاکە دەرچەیە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانە، هەروەها ئامادەبوون بۆ بەشداریکردن لە سازدان و سەرخستنی کۆنگرەکە چاکترین رێگەیە، دیسان بەشداریکردن لە لیژنەیەکی ئامادەکاریی سەربەخۆو بێگەرد پێوانەی نیازپاکییە لە ملکەچکردن بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، لەم مینبەرەوە بانگەوازێك ئاراستەی هەمووان دەکەم کە پشتگیریی و پشتیوانی بکەن لە یەکێتیی ریزەکان، هاوکات بزووتنەوەیەکی بەهێزو یەکگرتووی کوردی و سووری مایەی سەرکەوتنە بۆ هەموو لایەك، بەتایبەتیش بۆ بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن و دیموکراسیی سووری و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستانی بە گشتی، ناوەندی پێشەوەی هەرێمی کوردستان بێت بە شێوەیەکی تایبەتی.




# ئارام عەبدوڵا عەلی عەبدوڵا

## کاندیدی ژمارە ٧
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**پێکەوە بەرەو پرۆسەی دەنگدان دەڕۆین و گیانی شەهیدەکان ئاسوودە دەکەین و دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین. ئەو پارتەی بە کردەوە نەک بە بەڵێن، داکۆکیکاری سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان بووە. لیستی ژمارە ١٨٤ لیستی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و ئاوارەو دەربەدەرەکانە. خانەوادە سەربەرزەکانی کوردستان چاویان لە پارتییە ئەو مافە خوراوانەیان بۆ بگەڕێنێتەوە و قەرەبووی قوربانییەکان لەبەغدا بکاتە کار و ئەرکی خۆی و چیتر دەستە و تاقمێک گەمە بە ئازارەکانی خەڵکی کوردستان نەکەن. پارتی لە بەغداوە مافە پێشێلکراوەکانی کوردستان بەدەست دەهێنێتەوە.**



## ئاری پێرلیگەر

بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی ماساشوسێتس لۆوێڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوان ئێران و ئیسرائیل لەئارادایە

ئاری پێرلیگەر پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ئەمنییە لە زانکۆی ماساشوسێتس لۆوێڵ. پێشتریش پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری دیراساتی پەیوەست بە تیرۆریزم بووە لە سەنتەری بەرەنگاریی تیرۆریزم و بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەکادیمیای سەربازی ئەمریکی (وێست پوینت). ئاری پێرلیگەر بە چڕوپڕی توێژینەوەی کردووە لەبارەی تیرۆریزم و توندوتیژیی سیاسی و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە پەیوەست بوون بە هۆکار سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەیان و پرسی داڕووخان، یان شکستی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا و ئەگەری هەڵکشانی بارودۆخی سووریا و روودانی شەڕێکی ئیقلیمی بەتایبەتی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** ئێوە بە چڕوپڕی کارتان لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە توندوتیژیی سیاسی کردووە، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هۆکارە بنەڕەتی و ریشەییەکانی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییە درێژخایەنەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- لە راستیدا بە چەشنی هەر دیاردەیەکی دیکە، چەند هۆکارێك هەن بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی لەم ناوچەیەدا، بۆ نموونە چەند فاکتەرێك هەن پەیوەستن بە بوونی گرووپە ئیتنی و نەتەوەییەکانەوە کە لە پێناو مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان تێدەکۆشن. هۆکارێکی دیکە پەیوەستە بە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکانەوە کە هەوڵی پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆیان دەدەن. لەگەڵ بوونی چەند گرووپێکی ئایینی کە تەحەددی و بەرهەڵستی ئەو سیستمە دەکەن کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە.

*** بەڵام بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە بۆ ئیدارەدان و چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە، رێککەوتن لەسەر چوارچێوەیەك بکرێت؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند بەرژەوەندییەکی جیاواز، هەروەها پەیوەستە بە بێتوانایی، یان لاوازیی دەوڵەتانی ناوچەکە لە پەیوەندی بە حوکمڕانیکردنەوە، بەو پێیە ناتوانن سەقامگیری دەستەبەر بکەن، یاخود بیگەڕێننەوە، چونکە ئەگەر تۆ لە وڵاتانی یەمەن و سووریا و عێراق بڕوانیت، ئەوا دەبینیت کێشەیان هەیە لە سەپاندنی سەروەریی یاسا و قەڵەمڕەوی حوکمڕانیکردنیاندا، کەواتە کاتێك ئەدای حوکمڕانیی ئەم دەوڵەتانە لاواز بوون، ئەوا گروپەکانی دیکە- بە چەشنی ئەو گروپانەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد- دەرفەت وەردەگرن و هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری.

*** ئێوە ئاماژەتان بە خاڵێکی گرنگ کرد، کە پەیوەستە بە بێتوانایی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیەوە، یاخود بڵێین شکستی ئەم دەوڵەتانە بە ئەداکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانیان، ئایا ئەمە دۆخێکی دروست نەکردووە کە زۆرێك لە خەڵکی بەتایبەتی گەنجان نائومێد بن، کە ئەمەش هەلومەرجێك دروست دەکات کە تیرۆریستان**




# ناسر ئیسماعیل مام ئاغا مەزن

## کاندیدی ژمارە ١١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارتی داکۆکیکارە لە مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان، لیستی ژمارە ١٨٤ لیستی هاووڵاتیانی کوردستانە و ئەو لیستەیە کە بە خوێنی شەهیدەکانی کوردستانێکی ئارام و ئازادی دروستکرد. دەرچوونی پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا واتا گەڕانەوەی مافە خوراوەکانی گەلی کوردستان و باشترکردنی ژیانی مووچەخۆران و بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ گەنجان.

**سووریا و عێراق کێشەیان هەیە لە سەپاندنی سەروەریی یاسا و قەڵەمڕەوی حوکمڕانیکردنیاندا، کاتێکیش ئەدای حوکمڕانیی ئەم دەوڵەتانە لاواز بن، ئەوا گرووپەکانی دیکە دەرفەت وەردەگرن و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری**

**ئیسرائیل سوورە لەسەر ئەوەی رێگەنەدات ئێران بونیاد و ژێرخانێکی سەربازی و هەمیشەیی لە سووریا دروست بکات، لەلایەکی دیکەوە ئێران پێداگیرە لەسەر پارێزگاریکردن لە بوونی سەربازی خۆی لە سووریا**

**لە عێراقدا دەبێت کورد و شیعە و سوننە، خۆیان بە خاوەنی پرۆسەکە بزانن و پێکەوە کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری، هەمان شت بۆ سووریا و یەمەنیش راستە**

**سوودی لێوەردەگرن؟**

- ئەمە بەشێکی کێشەکەیە، چونکە کاتێك دەوڵەت ناتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دابین بکات، ئەوا خەڵکی روو دەدەنە هەر گرووپ و لایەنێکی دیکە کە بتوانێت ئاسایش و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانیان بۆ دەستەبەر بکات. هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری کەمبوونەوەی متمانە بە دەوڵەت، کە خەڵکی لە نوخبەی سیاسی بێزار دەبن و متمانەیان پێ ناکەن، ئەمەش دۆخ و دەرفەتێك دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی گرووپە سەربازی و چەکدارییەکان ئەو خەڵکانە بەلای خۆیاندا رابکێشن. بۆ نموونە لە فەلەستین و لە ئەنجامی نائومێدبوونی خەڵك لە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینی، ئەوا پشتیوانی گرووپەکانی دیکە دەکەن، هەروەها ئەمە حاڵەتەکەیە لە یەمەن و لە سووریا کە خەڵکی متمانەیان بە حکومەتەکانیان لەدەست داوە و بە دوای بەدیلدا دەگەڕێن.

*** بەڵام ئایا پێویستە ستراتیژیەتێکی کارا و سەرکەوتووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم چی لەخۆ بگرێت؟**

- پێموایە سەرەتا دەبێت سیستمێکی سەقامگیری سیاسی بنیاد بنرێتەوە کە بوار بە گرووپە ئیتنییە جیاوازەکان بدات بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئیرادەی سیاسیی خۆیان بکەن و بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا بکەن. بەم شێوەیە متمانە بۆ سیستمە سیاسییەکە دەگەڕێتەوە و حکومەت دەتوانێت سەروەریی یاسا بسەپێنێت. دواتر ئەگەر گرووپ و لایەنێکیش هەبوون و هەوڵی ناسەقامگیرکردنی دۆخەکەیان دەدا، ئەوا دەبێت میکانیزمی کاری هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ لاوازکردنی توانای ئەو گرووپانە. کە لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین کە پێویستە رۆژئاوا و ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیریان هەبێت بۆ برەودان بە ئازادییە مەدەنییەکان و مافەکانی مرۆڤ و.. هتد.

*** کەواتە پێتوایە پێویستە رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا پابەندبوونێکی درێژخایەنیان هەبێت بە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و بنیادنانی دەوڵەتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆتە کێشە بۆ جیهان و داڕووخانی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا کاریگەریی لەسەر سەرجەم جیهان دەبێت؟**

- بەڵێ، ئەمە بۆچوونی منە و لەو باوەڕەشدا نیم رێگایەکی دیکە هەبێت. چونکە لە رابردووشدا باس لە گرنگیی بنیادنانی دامەزراوەکان کراوە، کەواتە پێویستە هەلومەرجێك بڕەخسێنرێت کە گرووپە جیاوازەکان بتوانن بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا بکەن. بۆ نموونە لە عێراقدا دەبێت کورد و شیعە و سوننە، خۆیان بە خاوەنی پرۆسەکە بزانن و پێکەوە کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری، هەمان شت بۆ سووریا و یەمەنیش راستە. لێرەدا من باسی ئەوە ناکەم کە پێویستە ئەمریکا و رۆژئاوا دەست بدەنە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت، بەڵام دەبێت هاوکاری ئەم وڵاتانە بن بۆ ئەوەی چوارچێوە و میکانیزمی پێکەوەکارکردن دابڕێژرێت. دووبارەی دەکەمەوە رێگایەکی دیکەی بەدیل نییە، چونکە ئەگەر گرووپێك، یان لایەنێك هەست بکات بەشێك نییە لە پرۆسەکە، ئەوا هەوڵی ناسەقامگیرکردنی دەدات، کەواتە دەبێت هەمووان هەست بکەن کە بەشێکن لە پرۆسەکە.

*** ئەگەر واقیعبینانە قسە بکەین، ئایا هیچ ئەگەرێکی راستەقینە هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە هەر هەوڵێك لەم رووەوە تەنیا بووەتە هۆی قووڵبونەوەی پشێوییەکان، بەتایبەتی ئەوەی لە میانەی بەهاری عەرەبیدا بینیمان؟**

- ئەوەی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتانە بەدیکرا، ئەوە بوو کە هەر کاتێك ئەم هەڵبژاردنانە ئەنجامدرابن، ئەوا پارتە ئیسلامییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئەم حاڵەتمان لە تونسدا بەدی کرد، هەروەها لە جەزائیردا چەندساڵێك پێش ئێستا، بە هەمان شێوە لە تورکیا لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا. بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا ئارامگر بین، بونیادنانی ژێرخانی دیموکراسی پرۆسەیەکی درێژخایەنە، هەروەها دەمەوێت دووپاتی ئەوە بکەمەوە کە بوار رەخساندن بە بەشداری سەرجەم گرووپەکان دەبێتە هۆی هێنانەئارای شەرعییەت و ئەمەش بوار بەوە دەدات کە وردە وردە پرۆسەی دیموکراسی و مومارەسەی دیموکراسی تۆکمەتر بێت. کەواتە جارێکی دیکە دەیڵێمەوە دەبێت ئارامگر بین، چونکە لە میانەی مومارەسەکردنیدا کەلتووری دیموکراسی گەشە

دەدات. ئێمە بینیمان ئەم حاڵەتە لە تونسدا باش بەڕێوەچوو، هەروەها لە لوبنانیشدا- ئەگەرچی دوچاری چەندین هەوراز و نشێو بۆتەوە- دەبینین لە دوای شەڕی ناوخۆییەوە جۆرێك لە دیموکراسی هەیە، ئەگەرچی رووبەڕووی چەندین تەحەددیش بۆتەوە.

*** هەروەك دەزانن چەندین شەڕی ناوخۆیی و شەڕی بەوەکالەت لەم ناوچەیەدا هەن، بەتایبەتی لە سووریادا، ئایا پێتوایە بارودۆخەکە بە چەشنێك پەرە دەستێنێت کە سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ئیقلمی بەتایبەتی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا؟**

- من پێموایە ئەمە بەندە بە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، مەبەستم ئەوەیە لە غیابی رۆڵبینینی هێزە دەرەکییەکاندا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە بە چەشنێك هەڵکشێت کە سەربکێشێت بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، چونکە ئیسرائیل سوورە لەسەر ئەوەی رێگەنەدات ئێران بونیاد و ژێرخانێکی سەربازی و هەمیشەیی لە سووریا دروست بکات، لەلایەکی دیکەوە ئێران پێداگیرە لەسەر پارێزگاریکردن لە بوونی سەربازی خۆی لە سووریا. کەواتە بوونی ئەم دوو ئامانجە ناکۆك بە یەکە، بۆی هەیە ببێتە هۆی هەڵکشانی بارودۆخەکە و هەڵگیرسانی جۆرێك لە شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. کەواتە پێموایە پێویستە رووسیا و ئەمریکا کاربکەن لەسەر ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان نەچێت. چونکە بینیمان لە ماوەی رابردوودا ئیسرائیل هەوڵی تێکشکاندنی ئەو ژێرخانە سەربازییەی دا کە ئێران بە نیازە لە سووریادا بونیادی بنێت، ئەمە لە کاتێکدا ئێران لە ئێستادا چاوەڕوانە و دەیەوێت بزانێت دۆخەکە بە چ لایەکدا دەڕوات، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، ئەوا ئێران پاڵنەری ئارامگرتنی نامێنێت و رەنگە کاردانەوەی توندی هەبێت، ئەمەش بۆی هەیە تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیلی بەدوادا بێت. بە شێوەیەکی گشتی پێموایە بە کەم گرتنێك هەیە بۆ پێداگیری هەردوو وڵاتی ئێران و ئیسرائیل بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانیان لە سووریادا.


١٨٤





# رێبوار ئەمین محەمەد وەیس کەرەم

## کاندیدی ژمارە ١٢
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە تەنیا پارتێکە سەرسەختانە دیفاع لە بەشە بودجەی کوردستان لە داهاتەکانی عێراق دەکات. مێژوو سەلماندوویەتی هەرکاتێک پارتی لەبەغدا بەهێز بووبێت، مافەکانی خەڵکی کوردستان باشتر بەدەست هاتوون و لەناوخۆی کوردستانیشدا ئارامترو سەقامتر ژیان بەڕێوەچووە. پارتی تەنیا بەڵێنی نەداوە و بە کردار سەلماندوویەتی کە خاوەنی هەموو دەستکەوتەکانی کوردە لەبەغدا، هەر ئەویش پارێزەریەتی، بەڵێنەکانی کاندیدەکانی پارتی لە عەقڵ و مەنتیقەوە نزیکەوە، تەنیا پارتییە چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کوردی لە عێراقدا پێیەو هەر ئەویشە دەتوانێت چارەسەرێکی واقیعییانە بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەعێراق دەستەبەر بکات.



# لەوانەیە شەڕی ئیسرائیل و ئێران تەواوی سووریا و لوبنان بگرێتەوە



نووسینی: چارلس لیستەر

لە سایتی
ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاویۆتەوە

بەلای کەمەوە دە ئەندامی سوپای پاسدارانی ئێران و ژمارەیەکی هاوشێوەی سەربازی سووری کوژران کاتێك چەند مووشەکێك -کە ئەگەری ئەوە دەکرێت فڕۆکەیەکی شەڕکەری ئیسرائیل ئاراستەی کردبن- لە یەك کاتدا چەند شوێنێکیان لە باکووری سوریا و لە پارێزگاکانی حەما و حەلەب کردە ئامانج کە لە هەمووی گرنگتر، دامەزراوەیەکی ژێرزەمینی بۆ دروستکردنی مووشەکی سووری بوو، کە بەپێی ڕاپۆرتەکان بە هاوکاری کۆریای باکوور، لە نێو چیایەکدا و لە نزیك گوندی تەقسیس لە باشووری حەما دروست کراوە.

ئەم گورزە بووە هۆی دروستبوونی تەقینەوەیەکی لاوەکی کە بریتی بوو لە تێکشکانی ٢٠٠ مووشەك و تەقینەوەیەك کە هێندەی زەمینلەرزەیەکی بچووك دەبوو. لەو کاتەوە سەرچاوەی هەواڵگرییەکان باسیان لەوە کردووە کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، چەند فڕۆکەیەکی سەربازی و بارهەڵگری ئێرانی

چەکی ستراتیژییان بۆ گوندی تەقسیس گواستۆتەوە لە نێویاندا مووشەکی بالیستی و کروز.

هەموو ئەم گورزانە لە کاتێکدا ئەنجامدران کە باس لەوە دەکرا، ئێران خەریکی خۆئامادەکردن بووە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل لە وەڵامی چەند گورزێکدا، کە لە ٩ ی نیساندا ئەنجامدران و بوونە هۆی کوشتنی حەوت ئەندامی سوپای پاسدارانی ئێران لە نێو بنکەی تی فۆری سووریا. لەم رۆژانەی دواییدا و دوای ئەوەی هێزەکانی موعارەزە دەستیان بەسەر سەکۆی رۆکێتی ئێرانیدا گرت لە نزیك بەرزاییەکانی جۆلانەوە، جێگری فەرماندەیی سوپای پاسدارانی ئێران حوسێن سەلامی هەڕەشەی « لەناوبردنی» ئیسرائیلی کرد لە میانەی هەر شەڕێکی داهاتوودا.

لە ئێستادا ئیسرائیل و ئێران هەوڵی هەڵگیرساندنی شەڕێکی سەرتاسەری نادەن، بەڵام هەردوولایان دەستیان داوەتە گرتنەبەری چەند رێکارێك بۆ بەرپەرچدانەوەی یەکتر، کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت، مەترسی ئەوەشی لێدەکرێت کە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی بەرپابوونی شەڕێك کە رەنگە تەواوی سووریا و لوبنان بگرێتەوە و زۆر گەورەتر بێت لە رووی کاولکاری و کوشتارەوە لە شەڕی ٢٠٠٦ی لوبنان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئێران دەست بۆ تۆڵەکردنەوە دەبات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: کەی؟ رەنگە چاوەڕوانکردن تاوەکو تەپ و تۆزی هەڵبژاردنەکانی لوبنان دەنیشێتەوە، کارێکی مانادار بێت بۆ ئێران، بەڵام کاتێك گوتارەکان هەڵدەکشێن، ئەوا رەنگە لۆژیکە ستراتیژییەکەش بەهێز بێت.

پێدەچوو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتنیاهۆ سوور بێت لەسەر ئاشکراکردنی زانیاری «دراماتیکی» لەبارەی پڕۆگرامە ناوکییەکەی ئێرانەوە، ئەویش دوای سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (مایك پۆمپیۆ) بۆ قودس و دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل (ئەڤیگادۆر لیبەرمان) سەردانی واشنتۆنی کرد.

لە نێو جەرگەی ئەم بارگرژییانەدا زەحمەتە غیابی رووسیا نادیدە بگرین.




# هەڵگورد محەمەد محەمەد کەریم

## کاندیدی ژمارە ١٤
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگەڕێنەوە سەر کوردستان و ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ بکرێت، پێویستە بوونی کورد لەبەغدا بەهێز بێت، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە پارتی بەهێز بێت، کوردستان بەهێزە.**

# مقاوەمەی ئیسلامی لە سووریا کۆپییەکی دەقاودەقی (حزبولّا)ی لوبنانییە

لە ساڵی ٢٠١٢وە چەند گرووپێکی میلیشیای شیعە هاتوونەتە گۆڕەپانی شەڕی سووریا، لەکاتێکدا هەموو ئەو میلیشیایانە درێژەپێدەری (حزبولّا) ی لوبنانی نین، بەڵام ژمارەیەك لەوانە هەمان ڕێبازی (حزبولّا) پەیڕەو دەکەن و یارمەتییەکی زۆریان لەو حزبە وەرگرتووە. ئەو ڕێکخراوانە خۆیان بە (بەرگریی ئیسلامی لە سووریا) یان (حزبولّا) ی لوبنانی دەناسێنن، بۆیە زۆر پێویستە ئەوانە وا بخوێنینەوە کە بەشێکی جیانەبووەوەی حزبولّای لوبنانین.

- **پاشخانی ئەو ڕێکخراوانە**

لە ماوەی نێوان ٢٠١٢و ٢٠١٣دا حزبولّای لوبنانی دەستی کرد بە مەشق پێ کردنی گرووپگەلێکی جیاواز لە چەکدارانی شیعەی سووریا، زۆر لەو گرووپانەش لە سەرەتادا بە شێوەی میلیشیای تائیفیی لۆکال دەرکەوتن، هەندێکیان لە دیمەشق و هەندێکی دیکەشیان لە حمس چالاکییان دەنواند، تا ئێستاش ئەوانی دیکە لە گوندە شیعەنشینەکانی نزیك حەلەب کاری خۆیان دەکەن، لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو ڕێکخراوانەشدا هەڵمەتی بەسەربازگرتن پەلی هاویشت بۆ دوورتر لە ناوچەکانی خۆیان. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ڕێکخراوێکی گشتیی سەرتاسەری پێکهات کە چەند گرووپێکی لاوەکیی لەخۆگرت و زۆرجاریش هەمان زمان و ڕێبازی حزبولّای لوبنانییان پەیڕەو دەکرد و حەسەن نەسرولّای ئەمینداری ئەو حزبەیان بە پیرۆز دادەنا و لەپاڵ سەرانی (حزبولّا)ی لوبنانی، یان لەژێر فەرمانی ئەو حزبەدا شەڕیان دەکرد، هاوکات جگە لە هێما تایبەتییەکانیان هەموو ئەو گرووپانە ئاڵاو هێمای حزبولّای لوبنانی، یان دروشمی (بەرگریی ئیسلامی لە سووریا) یاخود «لبیك یا زینب»یان بەکاردەهێنا کە ئەمەی دوایی ئاماژەیە بۆ مەزاری کچی پێغەمبەر(د خ) کە دەکەوێتە نزیك دیمەشقی پایتەختەوە، هەروەها بەرگریکردن لەو مەزارە دژی جیهادییەکانی سوننە خاڵی بنەڕەتیی گفتوگۆ بوو لە ڕووی بەسەربازگرتنی جیهادیی شیعە لە خەڵکی سووریا، یان لە هاووڵاتیانی بیانی.

ئەمەش چەند نموونەیەکی دیاری گرووپە سوورییەکانە لە شێوەی (حزبولّا):

هێزەکانی ڕەزا (لیوای ئیمام ڕەزا): یەکەم گرووپ بوو کە لەو وڵاتە پێکهات، زۆرجار چەکدارەکانیان لە گوندە شیعەنشینەکانی ناوچەی حمس بەسەرباز دەگیران، ئەم هێزانە لە زۆربەی ناوچەکانی سووریا بڵاوبوونەتەوە.

(ئەلغالبون): چەند (سریەیەکی بەرگریی ئیسلامیی سووریا)ن کە گرووپێکی گوماناوین لە بنەڕەتدا لە هاووڵاتیانی سووریا پێکهاتووە کە سەر بە هەردوو مەزهەبی شیعەو عەلەوین، یان لە شیعەی دیکەی سووریان، گرووپی (ئەلغالبون) زۆر گرنکی بە بەسەربازگرتنی چەکداران دەدات لە ناوچە بەرزاییەکانی نزیك کەنار، لە ساڵی ٢٠١٥دا ئەو میلیشیایە لە جۆلان و دەرعا شەڕی دەکرد، لەم ساڵانەی دواییشدا گوتارەکانی تۆزێك خاو بۆوە، بەڵام لە چالاکییەکانی هەر بەردەوام بوو.

(لیوای ئیمام باقر)- لیوای باقر: ئەم گرووپە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥ دا دامەزرا، سەرکردەو ئەندامەکانی لە هۆزە شیعەکانی سووریان، لیوای باقر هەوڵێکی زۆری دا کە چەکدار لە هۆزی گەورەی (ئەلبەقارە)ی سووریا پێکبهێنێت، لە نیسانی ٢٠١٨دا جیهادی دژی ئەمریکاو هاوپەیمانە



**فیلیپ سمیس**

**هاوڕێی (سوریف)ـە لە پەیمانگەی واشنتۆن و نووسەری توێژینەوەی (جیهادی شیعە لە سووریاو ئاسەواری ئیقلیمی)یە.**

سووریيەکانی راگەیاند.

لە هەندێ رووەوە ئەو هەوڵەی کە حزبوڵای لوبنانی دەیدات لە چاودێریکردنی ئەو گرووپە تازەگەشەسەندووانە لە سووریا رەنگدانەوەی چالاکیی پێشووی ئەو حزبەیە لە عێراق، بۆ نموونە، عەلی موسا دەقدوق کە سەرکردەیەکی حزبوڵای لوبنانییە- لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لە بەسرە دەستگیر کرا- رەوانەی عێراق کرا، تاکو مەشق بە چەکدارانی بکات و هێرشەکان رێکبخات و ئاراستەی ئایدیۆلۆژی بداتە ئەو چەکدارانەی کە ئێران پشتگیرییان دەکات کە دواتر بەهێزترین میلیشیای شیعەی لە عێراق بە ناوی (عەسائبی ئەهل ئەلحەق)ی لێکەوتەوە، لە رووی هەیکەلبەندی و ئایدیۆلۆژیشەوە، عەسائب کۆپیکراوی حزبوڵای لوبنانییە، هەرچەندە لە کۆتاییدا تا رادەیەك لەو جیابۆتەوە.

بە بەراورد لەگەڵ گرووپەکانی وەك (عەسائب ئەهل ئەلحەق)دا دەبینین کە پێشبینی ناکرێ هەمان ئەو خۆدەرخستنەی حزبوڵای لوبنانی لە سووریا ببێتە هۆی چالاکیی بێلایەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە رووی جوگرافییەوە لوبنان لە سووریاوە نزیکەو مەودای کارکردنی حزبوڵاش سنووردارە لە سووریا، ئەمە سەرباری بوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە زۆر حاڵەتدا لە نێوان ئەو حزبەو کۆمەڵگەی شیعەمەزهەبەکەی سووریا. بۆیە دەبینین کە حزبوڵای لوبنانی لە رەوشێکی باشدایە کە دەتوانێت پارێزگاریی لە دەسەڵاتی خۆی بکات لە رووی ستراتیژی و تەکتیکییەوە بەسەر گرووپە سوورییە کۆپیکراوەکاندا، سەبارەت بە حزبوڵای لوبنانیش سووریا قووڵایی ستراتیژی و





# دڵدار ساڵح حەمە حوسین ساڵح

**کاندیدی ژمارە ١٥**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە مافی رەوای خەڵکی کوردستان لە عێراق، پارتی لە خولەکانی پێشتریشدا سەلماندوویەتی کە خاوەنی کاندیدە دلێر و کوردپەروەرەکانە، بۆیە بۆ ئەوەی کورد لەعێراقدا وەکو هاووڵاتیەکی پلە یەک سەیر بکرێت و عێراق ببێتە دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان و دەوڵەتێکی مەدەنی و دەستووری دابمەزرێت و چیتر لە عێراقدا کورد جینۆساید نەکرێت، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.**

خەڵکی بۆ دەستەبەرکردووە، کە بریتییە لە هێزی ناوخۆ بۆ دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ حزبوڵا لە لوبنان، وێڕای هێزێکی دیکەی سەربازی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی ئیقلیمی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبیی سوننە.

## ● (حزبوڵا) بە ناوێکی دیکە

(هێزەکانی رەزا) نموونەیەکی سەرەکییە لەسەر باڵادەستیی حزبوڵای لوبنانی بەسەر یەکێتیی (بەرگریی ئیسلامی لە سووریا)، لە راستیدا پەیوەندیی زۆرە لەنێوان هەردووکیان کە چۆن (هێزەکانی رەزا) کە رەواج بۆ پەیوەندیی بەهێز دەکات لەگەڵ حزبوڵا، بۆتە لایەنی کارای کەم بێلایەنی، زیاتر لەوەی کە لقێکی پاشکۆی رێکخراوە لوبنانییەکە بێت.

بەپێی مێژووی کاری فەرمیی حزبوڵا، حەمزە ئیبراهیم حەیدەر لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٣ لە کاتی سەرکردایەتیکردنی هێرشێك لە گەڕەکی خالیدیەی نزیك حمس گیانی لە دەستدا، ئەم هێرشەش بە سوودوەرگرتن لە چەکدارانی حزبوڵا و چەند کەسایەتییەکی هێزی رەزا ئەنجامدرا، بەڵام سەبارەت بە حەیدەر، ئەوا پەیوەندیی ئەو بە هەردوو گرووپەوە زۆر روونە، ئەو سەرکردەی گرووپێکی بژاردە بوو بە ناوی (فەوجی رەزوان)ی سەر بە حزبوڵا سەرباری هێزەکانی رەزا، کە لە ریکلامێکدا ستایشی سەرکردەکەی کرد، کاتێ لە شەڕێکدا کوژراو ئاماژەی بەوەش کرد کە سەرپەرشتیی دامەزراندن و راهێنانی ئەو میلیشیایەی کردبوو.

لە راستیدا تێکەڵییەك هەیە لە نێوان (حزبوڵا)ی لوبنانی و (هێزەکانی رەزا) کە چەند کەسێکی دیاری تێدایە وەکو عەلی فەوزی تەها ناسراو بە (حاجی جەواد) کە سەرکردەیەکی حزبوڵای لوبنانیی شاری سوورە لە باشووری لوبنان. ناوی ئەو لە بڵاوکراوە نافەرمییەکاندا هاتووە لە فێس بووك لەلایەن لایەنگرانی هەردوو گرووپەوە کە گوایە سەرکردەیە لە هێزی رەزا.

رەنگە ئەوەی زیاتر سەرنج رادەکێشێت ئەو پەیوەندییە بێت لەنێوان عەلی محەمەد بیز، ناسراو بە (ئەبو حەسەن بیلال) و (هێزەکانی رەزا)، بیز لە مانگی ئایاری ٢٠١٧ لە حمس کوژرا، ئەو سەرکردەیەکی دیاری حزبوڵای لوبنانی بوو و لە ئاقاری باشووری بەیروت نیشتەجێ بوو. بیز رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە شەڕو سەرکردایەتیکردن و بواری لۆجیستی لە سەرتاسەری سووریادا، بە گوێرەی ژیاننامەی بێت کە لە پێگەیەکی سۆشیال میدیا بڵاوبۆتەوە یەکێك بووە لە گرنگترین سەرکردەکانی بەرگری لە سووریا، لەپاڵ ئەوەی کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی هێزی رەزا و فەرماندەیەکی یەکە تایبەتییەکانی ئەو هێزە بووە، ئەمەو وێنەی جەنازەی بیز لە سۆشیال میدیای سەر بە (هێزەکانی رەزا) دا بڵاوکراوەتەوە کە بە (فەرماندەی شەهید) ناوی هێناوە.

## ● بەسەربازگرتنی راستەوخۆ لە سووریا

لەپاڵ ئەو پاڵپشتییەی کە حزبوڵای لوبنانی بۆ هاوکۆپییە چەکدارەکانی لە سووریا دابینی دەکات، چەندین کەسی لە خەڵکی سووری- لوبنانی و شیعەی سووریای چەکدار کردووە، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بێنە ریز جەنگاوەرانی حزبەکەوە، ئەوانەش زۆرینەیان شیعەی دوازدە ئیمامین کە لە نزیك سنوور نیشتەجێن، بەتایبەتیش لە دەوروبەری هەردوو شاری حمس و قەسیر، دیارە ئەو شوێنانەش لە رووی جوگرافییەوە لە پێگەی حزبوڵا لە بیقاعی لوبنانەوە نزیکن، ئەمە وێڕای بەسەربازگرتنی ژمارەیەکی زۆری شیعە لە سەر هەردوو بەری سنوور.

لەم چوارچێوەیەدا گوندی (زیتا)ی سووری لەسەر ئەو بەری شارۆچکەی (قەسر)ی لوبنانی ئەو شوێنە بوو کە حزبوڵا خەڵکەکەی لێ بەسەرباز گرتن، هەرچەندە ئەو گوندە دەکەوێتە ناو خاکی سووریاشەوە، بەڵام زۆربەی دانیشتووانی زیتا شیعەی لوبنانین و پەیوەندیی خزمایەتییان لەگەڵ لوبناندا هەیە. دوابەدوای چەندین حاڵەتی رفاندن و کوشتنی تایفەگەری لە نێوانساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣دا دانیشتووانی ئەو گوندە میلیشیای تایبەتیان پێکهێنا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو جۆرە کردەوانە، دوای ئەوەی کە هێزە یاخیبووەکانی سووریا لە ساڵی ٢٠١٢ داگیریان کرد، هێزەکانی حزبوڵا لە ٢٠١٣دا توانییان جارێکی دیکە لەگەڵ چەند گوندێکی دیکەی دەوروبەری کۆنترۆڵی بکەنەوە، بەم شێوەیە حزبوڵا دەستیکرد بە پڕچەککردنی دانیشتووانی ئەو گوندانەو مەشق پێکردنیان تاکو ببنە گرووپی بەرگری بەر لەوەی لە کۆتاییدا بە تەواوی بێنە ریز چەکدارانی حزبەکەوە.

دەمەوێت لێرە باس لە یەکێك لە دانیشتووانی پێشووی (زیتا) بکەم، کە هاووڵاتییەکی شیعەی

لوبنان-سورییە و تەمەنی ٢٢ ساڵە، ناوی مەهدی عەبدوڵا ئیدریس-ـە کە بە (ئەبو سەلاح) ناسراوە، ئەو کەسە لە ریزی فەوجی رەزوانی سەر بە گرووپی بژاردەی حزبوڵا شەڕی دەکرد، ئیدریس لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٦ لە ناوچەی (هریرە)ی سەر بە شارۆچکەی قەلەمونی شاخاویی باکووری دیمەشق کوژرا، ئەو چەکدارە هەر لە سەرەتای قەیرانەکەوە لە هەموو شەڕەکانی بەرگری لە سووریا بەشداربووە، هەروەها چەندین چەکداری دیکەی (حزبوڵا) کە لە ناوچەکانی سەر سنوور هاتوون و کوژراون، لەوانە وائیل حوسێن زەعتەر، کە لە ٢٠١٧ کوژرا، عەلی دیب زعێتەر، کە لە ساڵی ٢٠١٥ کوژرا، کە هەردووکیان خەڵکی (حاویك) بوون، ئەو ناوچەیەی کە زۆرینەی خەڵکەکەی شیعەمەزهەبن و دەکەوێتە باکووری زیتا.

ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە کە حەسەن ملحەم ئەسەد کە لەنێو جەرگەی پارێزگای حمس گەورە بووە و شیعەیەکی سوورییە و خەڵکی گوندی رەبوەی نزیك حمسە، ئەسەد وەك فەرماندەیەك ناسراوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تێکەڵکردنی چەکدارانی سووریا لە ریزەکانی حزبوڵا زۆر زیادی کردووە، لە میانی وێنەکانی ئەو فەرماندەیەی بڵاوکرانەوە، ئاڵاکانی (بەرگریی ئیسلامی لە سووریا)یان تێدا دەردەکەوێت، ئەسەد لە رۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠١٧ لە شەڕێکدا کوژراو بە تەرمەکەی بە ئاڵایەکی سووری و یەکێکی دیکەی حزبوڵا پێچرابۆوە.

**● دەرهاویشتە سیاسییەکان**

لەکاتێکدا کە حکومەتی ئەمریکا بەردەوامە لە سەپاندنی سزا بەسەر ئەو کەسانەی سەر بە تۆڕەکانی حزبوڵای لوبنانین، پێویستە زیاتر سەرنج بدرێتە ئەوەی کە ئەوانە گرووپی سەربەخۆن، یان لەشێوەی حزبوڵا لە سووریا درووست بوون، لە راستیدا هەندێك لەو قەوارانە تەنیا لق، یان گرووپی سەربەخۆی سەر بە حزبوڵای لوبنانی نین، بەڵکو کەسانی بنەڕەتیی ئەو حزبەن، لە ئەنجامی ئەمەش پێویستە تێبینیی رووداوی چاوەڕوانکراو بکرێت، بەوەی کە هاووڵاتیانی ئەمریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان بچنە ریز چەند گرووپێکەوە کە چالاکی دەنوێنن لەژێر چەتری (بەرگریی ئیسلامی لە سووریا) یان (حزبوڵا) ی سووری، کە ئەوانە بەشێك بن لە حزبوڵای لوبنانی.




## کارزان سەباح حەمەساڵح حەمە یوسف

**کاندیدی ژمارە ١٦**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**دەنگدان بە پارتی، دەنگدانە بە لیستی پێشمەرگەو شەهیدان و ئەو لیستەی کوردستانی پاراست و رێگای نەدا دوژمنانی کورد ئەزموونەکەمان لەکەدار بکەن. دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٨٤ دەنگدانە لە دژی خیانەت و فرۆشتنی کوردستان و لەناوبردنی ئایندەی منداڵەکانمان.**

# ئەمریکا پێویستی به ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا هەیە

ڕۆژی ٣٠ی مانگی ئازار، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتنیاهۆ پەردەی لەسەر چەند تۆمارێك لابرد كە وردەکارییەکانی پرۆژەی «ئاماد»یان لەخۆ دەگرت، کە بریتییە لە پرۆگرامێکی گشتگیر و هەمەلایەنی ئێران بۆ دروستکردن و بونیادنان و تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکان. ئەم زانیارییانە لە نێو چەند بەڵگەنامەیەکەوە وەرگیراون کە پێکهاتوون لە ١٠٠،٠٠٠ پەڕە کە ئیسرائیل لە مانگی کانوونی دووەمدا و بە شێوەیەکی نهێنی بەدەستی هێناوە لە نێو کۆگایەکی تاراندا. تۆمارەکان باس لە لایەنەکانی پرۆگرامە ناوکییەکەی ئێران ناکەن- پرۆژەی ئاماد لە ساڵی ٢٠٠٣دا هەڵپەسێردرا- بەڵام ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئێران ڕاست نەبوو لە بارەی نییەتی ئاشتیخوازانەی پرۆگرامەکەیەوە. هەروەها باس لەوە دەکەن کە ئێران تا ڕاددەیەك پلانی داناوە بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوکی و ئەوە دەخەنەڕوو کە چەند بە خێرایی دەکرێت ئەم پرۆگرامە دووبارە بخرێتەوەگەڕ- ئەمە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە پرۆگرامەکە تا ئێستا بەردەوام نەبووە لە سایەی ئەو چاودێرییە لاوازەی کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەستەبەری دەکات.

خستنەڕووی ئەم بەڵگەنامانە لە کاتێکدایە کە نزیك دەبینەوە لەو دواوادەیەی کە تێیدا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ — کە ١٢ی ئایارە- لەبارەی دووبارە نوێکردنەوەی سزاکانی سەر ئێران بڕیار دەدات. ئەم پێداچوونەوە ناو بە ناوە بریتییە لە دەرئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەی کە تیمەکەی ئۆباما بە خێرایی ئەنجامیاندا- کە ئەم ڕێککەوتنەش لە ڕووی سیاسییەوە جەماوەری نەبووە- کە بەردەوام سەرۆك ناچار دەکات کەلێنەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی بورووژێنێت بۆ ڕێگرتن لە دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان. ئەم بازنەیە بارگرژی بەردەوامی سیاسی لێدەکەوێتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی سیاسییەکان و دیپلۆماتکار و ڕاگەیاندنەکان پرسیاری ئەوە بکەن: «ئایا ئەم کارە دەکات، یان نا؟» ئێران هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەگەر هاتوو سەرۆك ترەمپ دووبارە سزاکان بسەپێنێتەوە، کەواتە چارەنووسی ڕێککەوتنەکە بەندە بەم هەنگاوەوە. ئەم کودەتا هەواڵگرییەی ئیسرائیل دەبێتە هۆی ئەوەی دەستهەڵگرتن لە سەپاندنەوەی ئەو سزایانە کارێکی قورس بێت.

لە ماوەی ڕابردوودا کۆشکی سپی بە ئیجابی وەڵامی پێشنیارێکی سەرۆکی فەڕەنسا (ئیمانویل ماکرۆن)ی دایەوە بۆ خستنەگەڕی



**نووسینی: جەیمس ڕۆبینز**

لە سایتی زە ناشناڵ ئنترێست بڵاو کراوەتەوە.

هەوڵێکی دیپلۆماتی و هەمەلایەنە بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا. ئەم ڕێککەوتنەش بە دیاریکراوی ئەو لایەنانەی ڕێککەوتنە کۆنەکە چارەسەر دەکات، کە ئیدارەی ئۆباما وەك پێویست چارەسەری نەکردن ( وەك پشکنین و چاودێریکردن) یان نادیدەی گرتوون (وەك پرۆگرامی مووشەکیی ئێران و پشتیوانیی ئێران بۆ تیرۆریزم و یاخیگەری). هەروەها ڕێککەوتنە نوێیەکە ئەو بڕگانەی ڕێککەوتنەکەی ئێستا چارەسەر دەکات کە لە ساڵی ٢٠٢٥دا بەسەر دەچن، کە دوای کۆتاییهاتنیان ئێران دەستی واڵا دەبێت بۆ ئەوەی بێ کۆت و بەند بەردەوامی بدات بە پرۆگرامە ناوکییەکەی بە گوێرەی پرۆژەی ئاماد.

پێشنیاری «ڕێککەوتنە نوێیەکە» دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەم بارگژییە، چونکە کەموکوڕییە گەورەکانی ڕێککەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ چارەسەر دەکات، بەڵام پارێزگاری لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکە دەکات. هەروەها بەرەیەکی هەمەلایەنە دروست دەکات بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییە بەرچاوەکانی ڕێککەوتنەکەی ئێستا. ئەمە هۆشدارییەك دەبێت بۆ ئێران لەبارەی کارە نایاساییەکان و ڕەفتارە خراپەکانیەوە. ئەمە

١٨٤




# شیلان سامر عەبدوڵا تەها

**کاندیدی ژمارە ٩**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ژ دەستورێ عێراقێ، کارکرن بۆ ڤەگەڕاندنا مستەحەقاتێن دارایی هەرێما کوردستانێ یێد چار ساڵێن بوری، کارکرن بۆ بەرەڤانیکرنا مافێن پێشمەرگەی و حساب کرنا پێشمەرگەی وەکو پشکەک ژ مەنزوما بەرەڤانیا عێراقێ، کارکرن بۆ پشتەڤانیکرنا کەرتێ پەروەردەی و چاندن و وەرگرتنا پارەی گەنمێ جوتیارا، کارکرن بۆ دابینکرنا بیما تەندروستی و چاڤدانا زاروکێن بێ دای باب و ئافرەتێن بێ زەلام، کارکرن بۆ باشکرنا ژین و ژیارا خانەنشینێن مەدەنی.**




ڕێگاچارەیەك دەبێت كە مرونەتی تێدا ڕەچاو دەكرێت، واتە دەكرێت لە چوارچێوەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا ئەنجام بدرێت و ئەگەر هاتوو ڕووسیا و چین نەیانویست ڕێككەوتنێكی نوێ ئەنجام بدرێت، ئەوا دەكرێت ئەمە وەك هەوڵێكی هەمەلایەنی دیكە لێك بدرێتەوە. بۆی هەیە ئێران بەشداری بكات یان نا، خۆ ئەگەر بەشداری نەكرد، ئەوا دەكرێت گفتوگۆكاران ئەم چوارچێوەیە بەكار بهێنن بۆ ڕێككەوتن لەسەر سەپاندنی سزای نوێی نێودەوڵەتی بەسەر ئێراندا لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارانەیدا كە ڕێككەوتنەكەی ئێستا ئاماژەی پێ نەكردوون. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئامرازێكی بەهێزی دەستڕۆیشتوویی بەدەستەوە بێت، واتە توانای ئەوەی دەبێت لە هەر سات و كاتێكدا ڕێككەوتنەكەی ئێستا هەڵبوەشێنێتەوە.

ئۆباما گەشبینانە- یان بڵێین ساویلكانە- باوەڕی بەوە هەبوو كە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا دەبێتە هۆی هێنانەئارای ڕۆژگاری ئاشتەوایی لەگەڵ ئێراندا. لەبری ئەوە، كۆماری ئیسلامی پشتیوانی خۆی زیاتر كرد بۆ گرووپە تیرۆریستی و یاخیگەرییەكان و، پێگەی ئیقلیمیی خۆی بەرفراوان كرد، لە ڕێی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی لە شەڕی ناوخۆیی سووریا و چڕكردنەوەی پڕۆگرامە مووشەكییەكەی. ئێران ڕایگەیاندووە كە ڕازی نابێت بە گۆڕینی ڕێككەوتنەكەی ساڵی ٢٠١٥ و لە ڕاستیدا هیچ بڕگەیەك لەم ڕێككەوتنەدا نییە كە باس لەوە بكات چۆن پەرەی پێدەدرێت، یان هەموار دەكرێتەوە. واتە دەبێت تێكڕای ڕێككەوتنەكە قبووڵ بكرێت، یان ڕەت بكرێتەوە. كەواتە ئەگەر كار لەسەر ئەم پرسانەی دەرەوەی ڕێككەوتنەكە بكرێت، ئەوا تاران ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بكات كە بڕگەكانی ڕێككەوتنەكە پێشێل كراوە. لە هەر حاڵەتێكدا ئەگەر هاتوو ئێران تاكلایانە لە ڕێككەوتنەكە بكشێتەوە و دەست بە پڕۆگرامە ناوكییەكەی بكاتەوە، ئەوا سەرۆك ترەمپ بەڵێنی ئەوەی داوە كە ئەوان «ڕووبەڕووی چەند كێشەیەك دەبنەوە كە گەورەتر بن لەو كێشانەی پێشتر ڕووبەڕووی بوونەوە.»

**ئۆباما گەشبینانە- یان بڵێین ساویلكانە- باوەڕی بەوە هەبوو كە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا دەبێتە هۆی هێنانەئارای ڕۆژگاری ئاشتەوایی لەگەڵ ئێراندا**



هەموو لایەنەکانی ڕێککەوتنە نوێیەکە ئیجابی دەبن بۆ ئەمریکا. چونکە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی نیگەرانییە ڕەواکانی لەبارەی کەموکوڕییەکانی ڕێککەوتنەکەوە بە بێ ئەوەی خودی ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێتەوە. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر لایەنە مەترسیدارەکانی ڕەفتارەکانی ئێران بێت، جگە لە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی. لە هەمان کاتدا دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئامادەیی ئیدارەی ترەمپ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی هەمەلایەنەی دیپلۆماتی لەبارەی پرسە نێودەوڵەتییەکانەوە، لەبەرامبەریشدا ئەمریکا هیچ شتێك نابەخشێت، لەبەر ئەوەی کۆشکی سپی پارێزگاری لە بژارەکانی دەکات لە بەرامبەر ئێراندا، لە کاتێکدا کە ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت. خۆ ئەگەر ئێرانیش هاوکاری نەکرد، ئەوا با نەیکات، چونکە تاران خۆی ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی دەبێتەوە.

کەواتە کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتدارانی ئێران هەنگاوی داهاتووتان هەڵبگرن.




# عەبدولڕەحمان عومەر محەمەد

## کاندیدی ژمارە ٧
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**کاندیدانی لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەرانی وڵات و خەڵکی کوردستانن، هۆکاری گەڕانەوەی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستانن، دەنگدان بەو لیستە واتا کورد خاوەنی بەرگریکارێکی بەهێزو سەرسەختە لەبەغدا، واتا وەڵامدانەوەی دوژمنانی کوردو هەموو ئەوانەی هێرشی کیمیاباران و ئەنفال و کۆمەڵکوژییان کردە سەر کوردستان، وەڵامدانەوەی بڕینی بودجە و مووچە و برسیکردنی خەڵکە. پارتی دیموکراتی کوردستان چەند لەبەغدا بەهێز بووبێت، ئەوەندە زیاتر مافە خوراوەکانی گەلی کوردستانی گەڕاندۆتەوە و یەکڕیزی و یەکدەنگی بۆ گەلی کوردستان دابین کردووە.**



١٨٤
دەستکەوتی زیاتر
بۆ کوردستان
پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ
دوێنێ بەخوێن و
ئەمڕۆ بەدەنگ
١٨٤
بەرگری
لەکوردستان
دەکەین


١٨٤
دەستکەفتێن زێدەتر
بۆ کـــوردستانێ
KDP
1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ
ئەم بووین
مە خەمساری نەکری
بەردەوامین ژبۆ
کوردستانەکا سەرفەراز
١٨٤

## هونەرمەندان:

# باس لە بایەخی هەڵبژاردن و دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن

پارتی دیموکراتی کوردستان بە لیستی ژمارە (١٨٤) بەشدارە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك کەسایەتی ئەکادیمی و پسپۆڕ و دیاری کوردستان لەو لیستەدا پاڵێوراون بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری خەڵکی کوردستان لە بەغدا و لە ئاست قورسایی و گەورەیی ناوی پارتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بن و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو میللەتە بن بە سەربەخۆییشەوە. ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کوردستانیش بەم شێوەیە رای خۆیان سەبارەت بە گرنگیی هەڵبژاردن و دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربڕی.





ئەکتەر و دەرهێنەری بواری شانۆ
کەمال رەئوف هەنجیر:

# با بەرژەوەندییە حزبییەکان لەسەرووی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە نەبێت


پێویستە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراتی، هاوبەش و هەموو ماف وئازادییەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئیتنییەکانی تیادا پارێزراو بێت. ئێمەی کوردیش دووەم پێکهاتەی سەرەکیی ئەم وڵاتەین، لەسەر پەیڕەوکردنی سیستەمی دیموکراسی بەشێکی سەرەکین لە دارشتن و نووسینەوەی ئەو دەستوورە نوێیە . دەستوور دەڵێت هەر چوار ساڵێك هەموو قەوارە سیاسییەکان بۆیان هەیە بەشداری پێشبڕکێی نوێنەرایەتی بۆ پەرلەمانی عێراق بکەن. بە گوێرەی ئەزموونی ئەو چەند خولەی پێشوو، دەسەڵاتی مەرکەزی لە ڕێی فشاری جۆراو جۆرەوە، ڕێگری تەواوی لە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییانە کردووە کە بە یاسا مافی گەلەکەمانی تیادا پارێزراوە. بۆیە دەبوایە لەم خولەدا بە بەرنامەیەکی تۆکمە و بە بەشداریکردنی سەرتاسەری جەماوەر، روومان لە سندوقەکانی دەنگدان بکردایە. پێویست بوو قەوارە سیاسییە کوردییە بەشداربووەکان بە یەك هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی دەستیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن بکردایە، ئەو دەمە سەنگی کورد لە بەغدا زۆر لە گۆڕاندا دەبوو، بەڵام بەداخەوە هەر لە سەرەتای بانگەشەکردنەوە شپرزەییەکی تەواو بە ناوماڵی سیاسیی کوردییەوە دیارە. زەرەرمەندی یەکەمیش چارەنووس ودوارۆژی سیاسیی کوردە. هێشتا کات ماوە بۆ بەخۆداچوونەوە، هیوادارم چیتر بەرژەوەندییە حزبییەکان لەسەرووی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە نەبێت، بەتایبەتی لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.




## فاخر حسن یوسف عبدالحمید

کاندیدی ژمارە ٨
لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:


بۆ ئەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، کار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەن هەموو خەڵکی کوردستان ئاشکراو روونە کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە کە هیچ مساوەمەیەک لەسەر ئەم کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییانە ناکات، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.



### هونەرمەند کامەران حاجی ئەلیاس:

## دەنگ بەو لیستە دەدەم کە خەونەکانی گەلەکەم دێنێتە دی


دەنگدان مافێکی سەرەتایی هەموو تاکێکی سەرووی تەمەن (١٨) سالانە و یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراتی لە هەر ولاتێکدا، لە دوای راپەڕینیش ئەو پرۆسەیە لە هەرێمی کوردستان تا رادەیەك سەرکەوتوو بووە، بێگومان بێ کێشەو کەموکوڕییش نەبووە. ئەوەی گرنگە لەلای من دەنگدەرەکەیە، بەداخەوە تاوەکو ئێستاش هەر بە سۆزو عاتیفە دەنگ دەدن، بێ ئەوەی کارنامەی ئەو لیستە، یان ئەو کاندیدەی هەڵیدبژێرێت و دەنگی پێ دەدات، بخوێنێتەوە، بێگومان ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، راستە پێویستە مێژووی حزب و رابردوو و خەباتی حزب لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام گرنگە کارنامەی حزبەکەش بخوێنیتەوە، لەوانەیە تا رادەیەکیش نەبوونی متمانە لە جێبەجێ نەکردنی کارنامەی لیستەکان هۆکار بێت بۆ ئەوەی دەنگدەر بەرنامەی لیستەکە نەخوێنێتەوە. حەز دەکەم لێرەدا وەك نموونەیەك باس لە ئافرتێکی تەمەن (٧٠) سالانی ئەمریکی بکەم لەسەردەمی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لەسەردەمی بوشی کوڕدا، لە تیڤی ئەم ئافرەتەم بینی لە رێگادا بوو، دەچوو بۆ دەنگدان، پەیامنێری تیڤییەکە لێی پرسی: دەنگ بە چ حزبێك دەدەیت؟ لە وەڵامدا گوتی: من ئەندامی پارتی کۆماریم، بەڵام دەنگ بە پارتی دیموکراتی دەدەم! پەیامنێرەکە لێی پرسی بۆ؟ لە وەڵامدا گوتی: چونکە بەرنامەکەیانم خوێندەوە، زۆرم بەدڵ بوو، لە کارنامەی حزبەکەم باشتر بوو. هەرچەندە ئەو ئازادییە رەهایە لە ولاتی ئێمەدا نییە، بە واتایەکی تر هیچ ئەندامێکی حزبێك نییە بە ئاشکرا بڵێت من ئەندامی ئەو حزبەم، بەڵام دەنگ بە حزبێکی تر دەدەم، لەبەر ئەوەی کارنامەکەیم بەدڵە. ئەو هەڵبژاردنەی ٢٠١٨/٥/١٢ بۆ پەرلەمانی عێراق ئەنجام دەدرێ، بەشداریکردنی هەموو کورد تێیدا لە دەرەوەو ناوەوە گرنگە، بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە لە رێگەی یاساوە بتوانین مافەکانمان بەدەست بێنن..لەبیرمان نەچێت یەکێك لە ئازادییەکانی بنەماکانی دەنگدان نهێنیی دەنگدانە..گومان لەوەشدا نییە دەنگ بەو لیستە دەدەم کە خەونەکانی گەلەکەم دێنێتەدی.



### هونەرمەند تەها دارا ئاغایی:

## پێویستە نوێنەرانمان داکۆکیکار و بەرگریکاری مافەکانی گەلی کوردستان بن

بە بڕوای من مادام کوردستان هێشتا بەشێکە لە عێراق و بەپێی یاسا و دەستوور گرێدراوی ئەو ولاتەیە، پێم باشە هاوولاتیان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشداریی دەنگدان بکەن و پرۆسەکە بە گەرموگوڕی بەڕێوەبچێت، چونکە دیارە تا ئێستا زۆر کاروباری هەرێمی کوردستان لە بەغداوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، وەك بودجە و مووچەی فەرمانبەران، ئەمەش پێویستی بە کارکردنی زۆری نوێنەرانی کورد هەیە، بۆ ئەوەی داکۆکی و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، تاکو لە رێگای ئەو داکۆکی و بەرگریکردنەی نوێنەرانمان هاوولاتیانی کوردستانیش لە مەینەتی و بێ مووچەیی و قەیرانی ئابووری رزگاریان بێت و لە ژیانێکی سەربەرزانە و ئاسوودە بژین. من وەکو هونەرمەندێك هەمیشە ئاواتم ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە خۆشگوزەرانی و کامەرانی و خۆشیدا بژین و دوور بن لە بەڵا مەینەتییەکانی شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوە.



هونەرمەند و دەرهێنەری سینەمایی حەسەن عەلی:

## دەنگ بدەن بە ١٨٤ بۆ بەدیهێنانی خەونەکانمان

گەلی کوردستان لە دێرزەمانەوە خەباتی کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی کە خۆی لە ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانی و کیانێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە ئەمەش لەو ریفراندۆمەدا بە روونی بە دەرکەوت کە زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگی بۆ دا و بە شانازییەوە هیوا و ئاواتەکانی راستەوخۆ بە جیهان راگەیاند.

لە ئێستاشدا کە بارودۆخی جیهان لە بار نییە بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانمان هەبێت، پێویستە حزورێکی بەهێزمان هەبێت لە بەغدا بۆ ئەوەی لە رێگای دەستوورەوە مافەکانمان بستێنین، لەمەشدا دەبێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەر لە هەر شتێک یەکریز و تەبا بین، لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو کەسانە هەڵبژێرین کە بە پراکتیک لە ئاست ئەم بەرپرسیاریەتییەدا بن و بتوانن بەرگریکارێکی بەهێزی مافەکانمان بن و شایەنی ئەو متمانەیە بن کە گەلی کوردستان پێیان دەبەخشێت، وەک سینەماکارێک پێموایە ئەگەر بە ویژدانەوە حوکم بدەین پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ئەوەی سەلماندووە کە جێگای ئومێدی خەڵکی کوردستانە و ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی داوە بەجێیان دەگەیەنێت، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵک رەنگە تێبینیشی هەبێت و کارەکان لە ئاستی پێویستدا نەبن، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە و ئاستەنگ و گرفتی زۆر لە بەردەم بەجێگەیاندنی کارەکان دروست کراوە و بەردەوامیش هەوڵ دەدەن کاروانی ئاوەدانی ئەگەر نەتوانن رایبگرن ئەوا بەلای کەمەوە ئاستەنگی بۆ درووست دەکەن، چونکە دوژمن و نەیاران دەزانن کە پارتی ئومێد و بەدیهێنەری خەونەکانی گەلی کوردە.

بۆیە دەڵێم دەنگ بدەن بە لیستی (١٨٤) ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی ئاوات و خەونەکانمان بێنە دی و کوردستان ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت و کیانی هەرێمی کوردستان وەک خۆی بمینێتەوە و دوژمنان نەتوانن هەوڵی نەهێشتنی بدەن.




# غازی رەمەزان حوسێن میکائیل

## کاندیدی ژمارە ١٠
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بە درێژایی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دژایەتییەک بەرامبەر بە کەمینەکان و ئایین و ئایینزاکان و نەتەوەکان لە کوردستاندا ئەنجام نەدراوە. پارتی و بارزانی خەمخۆری پاراستنی سەروماڵ و مافی هەموو پێکهاتەکان بوون بەبێ جیاوازی، هەربۆیە دەنگ بەو لیستە دەدەین کە هەموومانی کۆکردۆتەوەو یەکریزی و یەکدەنگی بۆ گەلی کورد دەهێنێت. کوردستان لەسایەی پارتیدا بووەتە ئارامگەی هەموو نەتەوەکان و مەڵبەندی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی ژنانە لەناو عێراقێکدا کە هەموومان بینیمان چۆن وێران بوو، و خەڵکەکەشی پەنایان بۆ کوردستان و بارزانی برد، ئێمە سەربەرزین و کەرامەتمان پارێزراوە لەسایەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی ئەو پێشمەرگانەی دەیان هەزار شەهیدو قوربانییان بەخشیوەتە ئارامیی کوردستان. بۆیە دەنگ بە لیستی پارتی دەدەین.



# وەرزشـكاران بـە دەنگەكانیـان لیسـتی پارتی سەردەخەن

**رۆژ لە دوای رۆژ هەڵبژاردەكانی پەرلەمانی عێراق نزیك دەبێتەوە، گشت چین و توێژەكان و لە نێوانیاندا چینی وەرزشوانان دووپاتی دەكەنەوە كە دەنگەكانیان بۆ لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان دەبێت. ئامانجی وەرزشوانان بۆ پاڵپشتیكردن لە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەوەیە دەستكەوتەكان بۆ كوردستانییان پتر بێت و خزمەتی زیاتری بواری وەرزشیش بكرێت.**

**دیمانە: كارزان كانەبی- رێبین رەمزی**




**مەحموود عەزیز**

**سەرۆكی یەكێتی پایسكلسواری عێراق:**

## وەک وەفایەک بۆ خوێنی شەهیدان و بەرگریكردن لە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە دەنگ بە لیستی ژمارە (١٨٤) دەدەم

بەشداریكردن لە هەڵبژاردن ئەركێكی نیشتمانییە، منیش وەك وەفایەك بۆ خوێنی شەهیدان و بەرگریكردن لە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە دەنگ بە لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان ژمارە (١٨٤) دەدەم، تا لە بەغدا بەرگری لە مافەكانی كورد بكات و خوێنی شەهیدانمان بەفیڕۆ نەچێت، بۆیە داواكارم لە سەرجەم خەڵكی كوردستان و بەتایبەتیش وەرزشوانانی كوردستان دەنگ بە لیستی خوێنی شەهیدان، لیستی پێشمەرگە، لیستی بەرگری لە خاكی كوردستان بدەن، كە لیستی (١٨٤)ـە بۆ ئەوەی بە هێزەوە لە بەغدا بەرگریمان لێ بكەن.



**رازاو كەریم**

**جێگری سەرۆكی یانەی ئافرەتانی هەولێر:**

## پارتی تاكە هێزە كە دەتوانی بەرگریی زیاتر لەمافی هاونیشتیمانییانی كوردستان بكات

بە شانازییەوە دەنگ بە لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەم بۆ فەراهەمكردنی ئازادییەكی زیاتر و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشچوونی وەرزش لە كوردستان. پارتی تاكە هێزە كە دەتوانی بەرگریی زیاتر لەمافی هاونیشتیمانییانی كوردستان بكات. هەر پارتییە دەتوانێ مافی هەموو نەتەوەكان لە بەغدا بپارێزی و خاوەن رووبارێك شەهید و چەندین نەبەردی و سەروەرییە، بۆیە دەنگ بەو لیستە دەدەم بۆ ئەوەی مافەكانم لە بەغدا پارێزراو بێت و هەموو هەوڵێكیش دەدەم بۆ سەرخستنی ئەم لیستە، دڵنیایشم پارتی دیموكراتی كوردستان تاكە هێزە گەورەكەی كوردستان دەبێت.





**بێجان ئیبراهیم**
**سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان:**

## پارتی لە رابردوو و ئێستا و داهاتووشدا هەر لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بووە و بەردەوامیش دەبێت


دەنگدان بە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانییە و پێویستە بە هەموو لایەکەمان کار بۆ سەرخستنی ئەم لیستە بکەین، چونکە ئەم لیستە بە هەموو هەوڵێك کار بۆ بە دەستهێنانی مافەکانمان دەدات و جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستووری عێراق دەدات و هەورەها دەبێتە پارێزگار بۆ پاراستنی کوردستان. ئەم لیستە لە رابردوو و ئێستا و داهاتووشدا هەر لە خزمەتی خەڵکی کوردستان بووە و بەردەوامیش دەبێت. بۆیە متمانەی تەواوم بەم لیستە هەیە و داوا لە وەرزشوانانی کوردستان دەکەم، کە ببنە هۆکاری سەرخستنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.




# خەلیل قادر خان ئاڤدەل رەحمان

## کاندیدی ژمارە ١١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**دیپلۆماسییەتی بارزانی و خەمخۆریی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی لەم ناوچە نائارام و ناسەقامگیرەدا پاراستووە، شەهیدەکانی شەڕی داعش و ئازادکردنی ناوچەی دەشتی نەینەوا شاهیدی ئەو راستییەن کە پارتی بە خوێن دیفاعی لە خەڵکی کوردستان کردووە، نەک بە بەڵێن و قسەی باق و بریقدار، ئازایەتی پارتی رووداوەکانی پێچەوانە کردۆتەوەو دووبارە کورد لەناوچەکەو جیهاندا پێگەی بۆ گەڕاوەتەوە. پارتی بەدەنگی دڵسۆزان و خاوەن ویژدانەکان هەر بە بەهێزی دەمێنێتەوەو لەم خولەی پەرلەمانیشدا خەڵک، باش ئەو راستییە دەزانن کە تەنیا لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی و کاندیدەکانێتی کە دەتوانن بەرگری لە گەڕانەوەی مافی خوراوی کوردستان لە عێراقدا بکەن.**



**میران خەسرۆ**
**یاریزانی یانەی شیمالی قەتەری:**

## دەنگم بۆ لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت تاوەکو ویژدانم ئاسوودە بکەم

دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە خزمەتکردن بە چینەکانی کۆمەڵگە و ئامادەم بە گیان دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەم بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی تاکە هێزە هەوڵی سەربەخۆبوونی کوردستانی داوە و لەم پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە، بۆیە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، دەنگم بۆ لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت تاوەکو ویژدانم ئاسوودە بکەم، هەوڵی تەواویش دەدەم بۆ سەرخستنی ئەو لیستە.



**دیدار حامد**
**گۆڵپارێزی ناسراوی کوردستان و یانەی هەولێر:**

## بەشانازییەوە دەنگ بە لیستی (١٨٤) دەدەم، چونکە ئەوان دەبنە قەڵغان بۆ پاراستنی کوردستان و بەدەستهێنانی مافەکانی کورد


بەپێویستی دەزانم داوا لە هەموو هاندەران و وەرزشوانانی کوردستان بکەم، کە پاڵپشتی لە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، منیش بە شانازییەوە دەنگ بەم لیستە دەدەم، چونکە ئەوان دەبنە قەڵغان بۆ پاراستنی کوردستان و بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە بەغدا. هەر پارتیش بوو، کە هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانی دا و لە پێناو ئەم ئامانجە پیرۆزە چەندین شەهیدی داوە. بۆیە ئێستا ئەرکە لەسەرمان پشتگیریی لێ بکەین و لە ڕۆژی هەڵبژاردن دەنگیان پێ بدەین.



**جەرجیس ڕەشید**
**پاڵەوانی لێدانی شیناو و خاوەنی ریکۆردی جیهانی:**

## دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەدانە بە خەبات و قوربانیدان لە پێناو کوردستانێکی ئازاد

وەکو وەرزشکارێك بە دڵنیاییەوە دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەدەم، هەموو هەوڵێکیش دەدەم بۆ سەرخستنی ئەم لیستە، دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەدانە بە خەبات و قوربانیدان لە پێناو کوردستانێکی ئازاد و داواکاریشم سەرجەم وەرزشکارانی کوردستان دەنگ بەم لیستە بدەن، تا بببێتە زامنی ئاسایش و بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاوەدانی و بوونی کوردستانێکی بەهێز لە داهاتوودا.



سۆما محیەدین

کچە یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر:

## پارتی هەردەم داکۆکی لە مافەکانی کورد کردووە لە بەغدا و هەوڵی جێبەجێکردنی دستووری داوە

دەبێت گشت وەرزشوانان و وەرزشدۆستانی کوردستان بە هەموو هێزێکەوە پشتگیری و پاڵپشتی لە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و کار بۆ سەرخستنی بکەن، چونکە دەنگدان بەپارتی ئەرکێکی نیشتمانییە. پارتی هەردەم داکۆکی لە مافەکانی کورد کردووە لە بەغدا و هەوڵی جێبەجێکردنی دستووری داوە، لە هەمان کاتدا لە پێناو کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ هەزاران شەهیدی داوە و ساڵانێکی زۆرە خەباتی بۆ ئەم ئامانجە کردووە، پارتی هەردەم پاڵپشت و پشتگیری لە چین و توێژەکانی کوردستان کردووە، بەتایبەتی چینی وەرزشوانان.




# ڕووناک عەلی یەزدین خەلیل

## کاندیدی ژمارە ١٣
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان و دیالۆگی جددی لەگەڵ هەموو لایەک بۆ تێگەیشتن لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بە شێوازی ئاشتییانە و بۆ بەدیهێنانی پێکەوەژیان و سەقامگیری و مسۆگەرکردنی ئەو مافە رەوایە بۆ گەلی کوردستان. بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.



**سۆلین ئەسعەد**

**یاریزانی فوتساڵ لە شاری ئاکرێ:**

## تا لە ژیان ماوین بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ڕێبازەکەی پارتی و بارزانی دەبین

بۆیە دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە تاکە هێزە بۆ بەرژەوەندی گەل کار دەکات و دەنگم بۆ پارتی دەبێت، چونکە سەرۆکەکەی مسعود بارزانییە بۆیە تا لە ژیان ماوین بە دڵ و گیان لەگەڵ ڕێبازەکەی پارتی و بارزانی دەبین. پارتی تاکە هێزە، کە بتوانێ لە بەغدا مافی هاوونشتیمانیانی کوردستان دەستەبەربکات.




**گەشە شێرزاد**

**یاریزانی راکردنی ماوە درێژ :**

## دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ بەرهەمی خەباتی پارتییە و ئاسایش و ئاوەدانی لەسەر دەستی ئەو حزبە جەماوەرییە دروست بووە

دەنگدانم بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرخستنی لیستی ١٨٤ی پارتی لە ناوچەکەمان ئەرکی خۆمانە وەکو گەنج و لاوانی دەڤەرەکەمان، دەبێت هەوڵ بدەین کە بتوانین ئەو لیستە سەربخەین بە دەنگەکانی خۆمان، دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو خەباتە دوور و درێژەی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئاسایش و ئاوەدانی لەسەر دەستی ئەو حزبە جەماوەرییە دروست بووە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگیش بە پارتی دەدەین، چونکە تاکە هێزە کە دەتوانێ لە بەغدا شەڕ لەسەر مافە دەستوورییەکان بکات.



**ڕاژان ساڵح وەرزشدۆست:**

## لیستی (١٨٤)ی پارتی تاکە لیستی کوردستان دەبێت کە دەتوانێت مافەکانمان بەدەست بهێنێت


دەنگ بە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم بۆ ئەوەی ویژدانم ئاسوودە بکەم، چونکە ئەم لیستە تاکە لیستی کوردستان دەبێت کە دەتوانێت مافەکانمان بەدەست بهێنێت و بگەینە خەونی گەورەمان ئەوەیش سەربەخۆبوونی کوردستانە. داوا لە گشت وەرزشوانان و وەرزشدۆستانی کوردستان دەکەم، کە لە ڕۆژی دەنگدان بە پەرۆشەوە بچن بۆ ئەوەی دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، سەرکەوتنی پارتی سەرکەوتنی کوردستانە.




# نەهرۆ مەحمود قادر بەگ

## کاندیدی ژمارە ٢٩
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئێمە وەکو کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا، بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەمان کار دەکەین و داکۆکیکاری سەرسەخت دەبین لە مافە سیاسی و ئیداری و کەلتوورییەکانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بە نەتەوەو ئایین و ئایینزاکانەوە و کار دەکەین بۆ دانپێنانی دادپەروەرانە بە پێشمەرگەی کوردستان و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتە دەستووری و یاسایی و شایستەکانی هێزی پێشمەرگە و کارو پێداگریمان زۆر جددی دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.



**کۆڤان حەسەن**
**پاڵەوانی نێودەوڵەتی پارائۆلمپی:**

## بۆ ئەوەی کوردستانێکی ئاوەدانتر و خۆشگوزەرانتر بێتەئاراوە دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دەدەم

وەکو وەرزشکارێکی خاوەن پێداویستی تایبەت و پاڵەوانی جیهانی بە دڵنیاییەوە دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، بۆ ئەوەی کوردستانێکی ئاوەدانتر و خۆشگوزەرانتر بێتە ئاراوە، هیواخوازم لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەربکەوێت، پارتی هێزێکی خاوەن جەماوەرە بۆیە دەنگ بەو لیستە دەدەم.



**د.عەبدوڵڵا مەجید**
**سەرۆکی یانەی هەولێر:**

## لیستی (١٨٤)ی پارتی تاکە هێز دەبێت لە بەغدا بتوانێت پارێزگاری لە زامنکردنی مافەکانی کورد بکات

دەنگدان بە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بۆ یەك ریزی ماڵی کورد و بەهێزکردنی کورد لە بەغدا.

ئەم لیستە تاکە هێز دەبێت لە بەغدا بتوانێت پارێزگاری لە بەهێزبوونی کوردستان و زامنکردنی مافەکانی کورد بکات لە رێگەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق.

بۆیە داوا لە گشت هاندەرانی خۆشەویستی یانەی هەولێر دەکەم بە پەرۆشەوە بچنە دەنگدان بۆ سەرخستنی لیستی (١٨٤)ی پارتیمان، چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانییە و هەروەها ئومێدەوارم وەرزشوانانی کوردستان بەشداری لەم هەڵبژاردنە بکەن بۆ ئەوەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ببێتە گەورەترین لیست، کە نوێنەراتی کورد بکات لە پەرلەمانی عێراق.



**وەلید عارب**
**یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی هەولێر بۆ تۆپی بالە**

## لیستی (١٨٤)ی پارتی لیستی ئاوەدانی و ئاشتی و پاراستنی خاك و نیشتمانە

لە رۆژی هەڵبژاردن بەشانازییەوە دە نگم بۆ لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، چونکە خزمەتێکی زۆری بواری وەرزشی کوردستان بە گشتی و وەرزشی هەولێر بەتایبەتی کردووە.

وەکو یاریزانێکی تۆپی باڵەی یانەی هەولێر داوا لە هەموو هەوەداران و خۆشەویستانم و هاندەرانی تۆپی باڵەی هەولێر دەکەم دەنگ بەم لیستە بدەن، چونکە تاکە لیستە، کە دەبێتە هۆی زامنی مافەکانی کورد لە بەغدا و هەروەها ئەم لیستە لیستی ئاوەدانی و ئاشتی و پاراستنی خاك و نیشتمانە.

دەنگدانمان بە لیستی (١٨٤)ی پارتیمان دەنگدانە بەپێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی و پاراستنی خاك و نیشتمان و سەربەخۆیی کوردستانە.



**ساریا بەکر ناوێژیوانی یاری شەترەنج:**

## لیستی (١٨٤)ی پارتی لیستی نەتەوەیی و هێزی بەرگری لە مافەکانی کوردستانە لە بەغدا


وەکو وەرزشکارێك لە پارێزگای هەڵەبجە دەنگ و پاڵپشتی و متمانەم بۆ لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، کە لیستی نەتەوەیی و هێزی بەرگریی تەواوە لە مافەکانی کوردستان لە بەغدا. پارتی هەمیشە خزمەتی چینەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی کردووە و خەباتی لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کردووە.




# نوری رەمەزان ئیبراهیم

## كاندیدی ژمارە ١٤
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

بۆ بەرگری لەمافە رەواكانی خەڵكی كوردستان لەبەغدا دەنگ دەدەین بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئەم دەنگدانە بۆ كورد دەنگدانێكی چارەنووسسازەو سەلماندنی ئەوەیە كورد ئەو حزب و لایەنەی بەرگری لە خاكی كوردستان دەكات، پاڵپشتی لێ دەكات. ئەگەر پارتی لەبەغدا زۆرترین ژمارەی كورسی دەستكەوێت، دڵنیابن لە ناوخۆی كوردستان زۆرترین دەستكەوت بۆ گەلەكەی دەهێنێت، چونكە پارتی زامنی گەڕانەوەی بەشە بودجەی هەرێمە.
پارتی لە پاراستنی هەموو ئایین و ئایینزاكان و نەتەوەكان سەركەوتوو بووە، لە چەسپاندنی ئارامی و سەقامگیری لەناو جەرگەی نائارامترین ناوچەكانی جیهانیشدا سەركەوتوو بووە.



**موسی موحسین**
**راهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یانەی هەولێر لە یاری پایسكلسواری**

## لیستی (١٨٤)ی پارتی بەرگریمان لێدەكات و هەوڵدەدات گشت شایستەكانی كورد زامن بكات

وەكو راهێنەری یانەی هەولێر بۆ پایسكلسواری بەدڵنیاییەوە دەنگ بە لیستی (١٨٤)ی پارتیمان دەدەم، ئەم لیستە خزمەتێكی زۆری كوردستانی كردووە لە هەموو بوارێكەوە و پۆلێك شەهیدی بۆ پاراستنی كوردستان داوە و تاكە لیستە بووە، كە هەوڵی سەربەخۆبوونی كوردستانی داوە.
بۆیە داوا لە هەموو وەرزشوانان و وەرزشدۆستانی كوردستان دەكەم دەنگ بەم لیستە بدەن تاوەكو مافەكانمان پارێزراو بێت و لە شاری بەغدا بەرگریمان لێ بكات و هەوڵی جێبەجێكردنی دستوور بدات بۆ ئەوەی گشت شایستەكانی كورد زامن بكات.
لێرەوە بەپێویستی دەزانم، كە داوا لە خەڵكی شاری هەولێر بكەم، بەهەموو هێز و توانی خۆیان دەنگ بەلیستی (١٨٤)ی پارتیمان بدەن بۆ گەرانەوەی مافەرەواكانی هەرێمی كوردستان و گەیشتن بەئاواتی گەورەمان ئەوەیش سەربەخۆبوونی كوردستانە.



# پارتی دیموکراتی کوردستان

## زامنی دەستەبەرکردنی دەسکەوتی زیاترە بۆ کوردستان

**ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە کە کوردستان خاوەن پێگەی خۆی بێت و کوردستانییان دەستکەوتی زیاتریان هەبێت، بەڵام هەر لەناوخۆدا کەس و لایەنی وا هەن کە دەیانەوێت ئەو ئەوەی دەستکەوتی نەتەوەییە تێکی بدەن و لە گۆڕی بنێن. بۆیە ئەرکی سەرشانی دەنگدەری کوردستانی قورسە و دەبێت تاکی هاووڵاتی وریا بێت و ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە بۆ ئەوەی پلە دوو نەبێت و خاوەن مافە دەستووری و یاسایی و ئاساییەکانی خۆی لە عێراقێکی تایفەگەردا بێت، پێویستە لیستێکی بەهێز لە پەرلەمانی بەغدا داکۆکی لە هەرێمی کوردستان و مافی هاووڵاتییانی کورد بکات، ئەو لیستەش لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە کاری جددی بۆ پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و ئازادی و سەقامگیری و ئاسایش و دەستکەوتی زیاتری گەلەکەمان دەکەن و پیلانی نەیارانی کورد و کوردستان پووچەڵ دەکەنەوە. بۆیە هاووڵاتیان دەنگیان بۆ لیستی پارتییە و وەکو خۆیان دەڵێن: هەڵبژاردنی لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ گەل و پاراستنی نیشتمانە.**

جەمال مەلا محەمەد:

## حەق وایە هەریەک لە کاندیدەکان لەکاتی بانگەشەکردن بڵێن:

## بەڵێن دەدەین وەک پارتی بین بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و نەتەوەیی دەبین



هەر چوار ساڵ جارێك، حزبێك، یاخود جووڵانەوەیەك، یان دموچاوێکی نوێ دەبینین لە کاتی هەڵبژاردن کە بەرامبەر بە جەماوەرێکی ماندووی شەکەت دەوەستن و دەست دەکەن بە بانگەشەکردن، بانگەشەیەك تێکەڵ بە کۆمەڵێك رووداوی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆ راکێشانی سۆزی جەماوەر و شکاندنی بەرامبەر و .. هەتا دوایی، زۆر جار بە چەپڵەلێدان و زۆرجاریش بە بەرەنگاربوونەوەی جەماوەرە تووڕەکە کۆتایی دێت، بێ ئاگا لەوەی تا چەند لەگەڵ ئاوات و خواست و داواکاری پیرێك، گەنجێك، ئافرەتێك و کۆمەڵگە بەگشتی دەگونجێت، تا چەند قابیلی قبووڵە و توانایی و ئەزمونی هەیە. بۆیە من دەڵێم حەق وایە هەریەك لە کاندیدەکان لەکاتی بانگەشەکردن بڵێن: بەڵێن دەدەین وەك پارتی بین بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و نەتەوەیی دەبین، وەك پارتی بین بۆ هەوڵدان و داکۆکیکردن لە مافی میللەتی کورد و گەیاندنی میللەتی کورد بە سەربەخۆیی، بۆیە دەنگدان بە لیستی ١٨٤ ی پارتی ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی هەموو تاکێکی کوردە، دەنگدانە بە مانەوەی کورد بە بەهێزی لە بەغدا، دەنگدانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە بەغدا، دەنگدانە بە ئاسۆیەکی روونتر و گەشتر لە داهاتوودا. بۆیە دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، دەنگ بە سەرۆك بارزانی دەدەم کە ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام دا، دەنگ بە سەرۆك بارزانی دەدەم چونکە دڵنیام هیچ کاتێك و لە ژێر هیچ فشارێك سازش لەسەر مافی کورد و کوردستان ناکات.








دانا مەلا خالید:

## لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێگای فەخر و شانازییە بۆ کورد


هەر پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە بەرگری لە هەموو تاکێکی نیشتمان کرد لەبەرامبەر دوژمنان و کەرامەتی هەموو هاوولاتییانی پاراست، بەتایبەت بەرامبەر داعش و حەشدی شەعبی، ئەو بەرگرییە بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی بوو، کە داهاتووی کوردستان لەژێر دەستیدا دەگەشێتەوە. بۆیە پشتگیری و دەنگدان بە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێگای فەخر و شانازی و هۆکاری دەستکەوتی زیاترە بۆ گەلەکەمان و سەرکەوتنی لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە هۆی زامنکردنی گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکان و دەبێتە هۆی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی ژیانی خەڵك و وڵاتەکەمان.

# هەندرێن لەزگین فەریق تاهیر

## کاندیدی ژمارە ١٥
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئەو لیستەی کە کاندیدە کوردپەروەرەکانی تێدایە، دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان دەهێنێت. پارتی سەنگەری داکۆکیکردنە لەدەستکەوت و مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکاندا، پارتی زامنی یەکدەنگی و یەکڕیزی کوردستانە. بۆیە بۆ بەرگری لەمافە رەواکانی خەڵکی کوردستان لە عێراق دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.

مەحمود یونس ئیبراهیم:



## پارتی بە رابەرایەتی سەرۆک بارزانی بووەتە بەشێک لە چارەسەری هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دەنگدان بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە لیستی شەهیدان، دەنگدانە بە لیستی سەربەخۆیی کوردستان، لیستی پارتی لیستی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستانە، لیستی پێشکەوتن و بەرخۆدانە، لیستی پێکەوەژیانە، لیستی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانە. لیستی پاراستنی خاك و شەرەف و نیشتمانە. پارتی لەسەر بنەمای دیموکراتیەت دامەزراوە. بۆیە باوەڕی تەواوی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانە. دڵنیام لیستی ١٨٤ خزمەتێکی تەواوی پرۆسەی سیاسی دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو تەحەدییاتەی کە رووبەڕووی پارتی بۆتەوە لە قەیرانی دارایی و کێشەی نەیارانی پارتی چ لە ناوەوە بێت، یاخود دەرەوە. بەڵام پارتی بە دیموکراتی کوردستان بە درێژایی ٧٢ ساڵی تەمەنی پارتێکی داکۆکیکەر بووە لە مافەکانی گەلی کورد و رووبەڕووی سەدەها بەربەست بووەتەوەو هەموو کات لە بەرخۆدان بوو، قوربانی زۆری داوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە زەوتکراون. ئەمڕۆ پارتی بە رابەرایەتی سەرۆك بارزانی بووەتە بەشێك لە چارەسەری هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵگەش ئەوەیە کە لە شەڕی تیرۆر کە بەرۆکی جیهانی گرت، پارتی و پێشمەرگە گیان لەدەستەکان چ قوربانی و قارەمانیەتیان تۆمار کرد لەو شەڕە نەگریسە. هەموو جیهان سەرسام بوون بەم قوربانیدانانەی پێشمەرگەی کوردستان. سەرەڕای گەمارۆی حکومەتی ناوەندی و قەرانی دارایی و پیلانی دوژمنانی ناوخۆ و دەرەکی. بۆیە دەنگدان بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدان و دڵنەواییە بۆ خانەوادە سەربەرزەکانیان. هیوادارم خەڵك دەنگ بەو لیستە بدەن کە بەرگری لە شەرەف و کەرامەتیان کرد. دەنگ بەو لیستە بدەن کە داستانی پردێ و سحێلا و مەحموودیەیان تۆمار کرد.



زانا حەمە خان:

## دەنگدان بە لیستی پارتی دەنگدانە بە پاراستن و پارێزگاری لە دەستکەوتە بەدیهاتووەکان و سەربەخۆیی کوردستان

دەنگدانت بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە پارێزگاریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان، دەنگدانە بە سەرکەوتنی میللەتەکەمان و بەگژداچوونەوەی داگیرکەران و شکاندنی ئەبرامزەکانیانە، لیستی ١٨٤ی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی ئاشتی و ئاوەدانی. لیستی خزمەتگوزاری و بەرەوپێش چوونە. دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە پاراستن و پارێزگاری لە دەستکەوتە بەدیهاتووەکان و سەربەخۆیی کوردستان. ئەگەر دەتەوێت خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دووبارە نەبێتەوە، دەنگ بدە بە لیستی ژمارە ١٨٤ پارتی دیموکراتی کوردستان. دەنگدانت بە حزبێك کە دەنگی بە یاسای حەشدی شەعبی شیعەکان داوە، خیانەتە لە خاك و نیشتمان. دەنگدانت بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە ١٨٤ دەنگدانە بە شێرە کوڕانی داستانی پردێ، مەحموودیە و تلسقۆف، دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە شەرەف و کەرامەتی میللەتێك، دەنگدانە بە مافی رەوای گەلێکی چەوساوە. دەنگدان بە لیستی ١٨٤ دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان و سەربەخۆیی کوردستان.



دیار ئەسعەد:

## بۆ ئەوەی کاروانی هەڵگرانی سەربەخۆیی بگاتە ئامانج دەنگ بە لیستی حزبی دایک و لیستی ژمارە ١٨٤ بدەن

داوا لەهەمـوو کوردێکی بەشـەرف و کەسوکاری سـەربەرزی شـەهیدانی رێـگای رزگاریخـوازی کوردسـتان دەکـەم دەنـگ بـدەن بـە لیسـتی حزبی دایـك، بۆ ئـەوەی کاروانی هەڵگرانی سـەربەخۆیی بگاتـە ئامانـج، ئـەوەش تەنیـاو تەنیـا بـە لیسـتی ١٨٤ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکرێ. دنگدان بـە پارتی، دنگدانە بە زامنکردنی مافە رەواکانـی گەلێکـی سـتەمدیدە و دەنگدانـە بـە پاراستنی خاك و شـەرەفی گەلی کوردسـتان، بۆ ئـەوەی کوردسـتانێکی بەهێزترمـان هەبێـت، دەنـگ بدەن بە لیسـتی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان.




# دالیا فەرهاد حاجی محەمەد

## کاندیدی ژمارە ٢١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

کاری جددیـی دەکـەم بـۆ هـاوکاری دادپەروەرانـەو دانپێدانـان بـە پێشـمەرگە ودابینکردنـی مـاف و پێداویسـتییەکانیان لـە هەمـوو روویەکـەوە، کـە بـە ئازایەتـی و خۆڕاگـری و پێشکەشـکردنی هـەزاران شـەهید و بریندار، کوردسـتان و عێراق و جیهانیشیان لـە تیرۆریسـتان پاراسـت.



**هاوبەش گۆڕۆنی:**

## نوێنەرانی پارتی هەمیشە پرسە گشتی و نیشتمانییەکانیان پێش پرسە حزبییەکان خستووە


لەناو کار و بەرنامەی لیستی پارتی، جەخت لەسەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کراوەتەوە. نوێنەرانی پارتی هەمیشە، پرسە گشتی و نیشتمانییەکانیان پێش پرسە حزبییەکان خستووە و بە بێ جیاوازی داکۆکییان لە مافەکانی کوردستانییان لە بەغدا کردووە و سڵیان لە هیچ سزا و سەرکردنێك لەسەر مافی کورد نەکردووەتەوە، ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە دەنگی من و هەزاران کەسی وەك من بۆ ئەو لیستە مسۆگەر دەکات. ئەوەی کار و بەرنامەی لیستی ١٨٤ـی پارتی لە لیستەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بەرنامەیەکی گشتگیر و گرنگیدانە بە هەموو پێکهاتەکان و سازش نەکردن لەسەر بچووکترین مافی کوردە، بۆیە نەك خۆم دەنگ بەو لیستە دەدەم، بەڵکو هەوڵی جدیش بۆ سەرخستنی ئەو لیستە و کاندیدەکانی دەدەم. داواش لە هاووڵاتیان و دەنگدەران دەکەم، ئەوە لەبەرچاو بگرن کە کارنامەی لیستی پارتی و داکۆکی نوێنەرانی لە رابردوو چۆن بووە و بڕیاری خۆیان بدەن. جیا لە هەموو ئەو پرس و پانۆڕامایەی باسم کرد، هەمیشە نوێنەرانی پارتی لە بەغدا کاریان بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنەکانی دیکەی کورد کردووە، بەردەوام هەوڵیانداوە ئەو ناکۆکی و ناتەباییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، نەگوازرێتەوە بۆ ناوچەی سەوزی بەغدا، هەوڵیانداوە بە یەك قەوارەیی و وەك قەڵغانێك بەرامبەر پیلانی شیعە و سوننە بوەستنەوە، پارتی چەندین جار لەو پێناوەدا سازشی لە مافی خۆی کردووە. بێگومان ئەمە خاڵێکی هەرە گرنگی پارتی و پارتییەکانە.



**تێکۆشەر نامق خۆشناو:**

## دەنگدان بە لیستی ١٨٤ دوژمن بەزێنە و دەبێتە هۆکاری دووبارە ژیانەوەی وڵات


خەباتی ٧٢ ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لەگۆڕنانی خەونی دوژمنی کوردستانە، بۆیە دەنگدان بە لیستی ١٨٤ دوژمن بەزێنە و دەبێتە هۆکاری دووبارە ژیانەوەی وڵات. پارتی دیموکراتی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بووە، هەمیشە پێشکەوتوو و سەرکەوتوو بووە و هەوڵی وەرگرتنەوەی مافەکانی گەلی کوردی داوە. پارتی هێزێکی نەگۆڕ و جەماوەرێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری هەیە، ئەوەش لەژێر چەتری یەك سەرکردە و یەك بڕیاری پارتییە، هەروەها لە دەستکەوتەکان و داستانەکانی نەوەستاوە بەرامبەر هیچ دوژمنێك کە رووبەڕووی ببێتەوە، ئەمەش وای کردووە لەسەرجەم ئەو تەگەرانەی کە هاتۆتە بەردەم کورد بوەستێت و بیشکێنێت. بۆیە ئەمجارەش سەرخستنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەنگدان بەلیستی ١٨٤ پارتی سەرکەوتنە بەسەر ئەو عەقڵییەتە نارەوایەی کە باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە .



**هۆزان سەعەد شكاك:**

## كوردستانیان دەزانن كام لایەن لە پردێ و مەحموودییە شكۆی ئەوانەی شكاند كە بۆ سڕینەوەمان هاتبوون

بڕوام وایە ئەمجارەش هێزی یەكەم لە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق هەر پارتی دەبێت، خەڵكی كوردستان ئێستا باش لەوە گەیشتوون كە پارتی واتە كوردستان، پارتی واتە ئاوەدانی و ئارامی، پارتی واتە بەرگریكردن لە مانەوەی بەهێزیی كوردستان، كوردستانیان دەزانن كام لایەن لە پردێ و مەحموودییە شكۆی ئەوانەی شكاند كە بۆ سڕینەوەمان هاتبوون، كوردستانییان دەزانن كێ ئاڵاهەگری سەربەخۆیی و ریفراندۆمە، بۆیە بۆ ئەوەی كوردستان بە بەهێزی بمێنێتەوە پارتی هەڵدەبژێرن.



**حاجی دیلمان:**

## دەنگدان بە لیستی پارتی دەنگدانە بە زامن كردنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی كوردی

دەنگدان بە لیستی ١٨٤ /دەنگدانە بە مێژووی راستەقینەی پڕسەروەریی گەلی كورد، دەنگدانە بە پاراستنی دەستكەوتەكانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە، دەنگدانە بە زامنكردنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی كوردستان، دەنگدانە بە كەرامەت و شەرەفی میللەتەكەمان، دەنگدانە بە دەریایەك خوێنی شەهیدان. دەنگدانە بە پێشمەرگەی كوردستان. دەنگدانە بە كوردستانێكی بەهێز و یەكگرتوو لە ئایندەدا، دەنگدانە بە راستگۆیی و هەڵگری پەیامی راستەقینەی نەتەوەكەمانە.




# شەوكەت زەینولعابدین محەمەد عومەر

## كاندیدی ژمارە ١٦
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٨٤ دەنگدانە بە نیشتمانێكی ئارام و سەقامگیر و دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان و قوربانییانی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، دەنگدانە بە پێشمەرگەكانی شەڕی داعش و بەرگریكار و خەباتگێڕی كوردستان، دەنگدانە بە گەڕانەوەی مافە خوراوەكانی كوردستان لە بەغدا، ئەگەر دەتەوێت ببیتە خاوەنی نوێنەری بەهێزو داكۆكیكاری سەخت بۆ ئێستاو داهاتوو، دەنگ بە لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان بدە.

# ١٨٤

دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان

## لەپێناو ژیان و گوزەرانێکی باشتر

## کاندیدەکانی پارتی هەڵدەبژێرین




١٨٤
دەستکەفتێن زێدەتر
بۆ کوردستانێ
KDP
1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ
١٨٤
لیستا پارتی
لیستا پێکڤە ژیانا
نەتەوەیی و ئایینیە



# بریانکا شوپرا، سێ جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە

بریانکا شوپرای خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆلیۆد دوای ئەوەی نازناوی شاجوانی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدەستهێنا، رووی لە بواری مۆدێل کرد و بووە نمایشکار، دواتر هاتە نێو بواری نواندن و لە ماوەیەکی کورتدا چەندین خەڵاتی گرانبەهای بەدەست هێنا، ئەمەش وایکرد کە رۆژنامەکانی هیندستان نازناوی (پشیلەی بۆلیۆد)ی پێ ببەخشن.

بریانکا دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی لە میانەی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا چەند نهێنییەکی درکاند، ئەوەش تا رادەیەك جەماوەرەکەی تووشی شۆك کرد. بریانکا دەربارەی ئەم نهێنییانە دەڵێ: لە ساڵی ٢٠٠٢ دایکی عاسم میرشانتی خۆشەویستەکەم کۆچی دوایی کرد، ئەم ئافرەتە زۆر لە منەوە نزیك بوو، زۆریش یەکترمان خۆش دەویست، بۆیە کۆچکردنی بۆ من ئاسان نەبوو، لە ئەنجامدا من دووچاری بارێکی دەروونی سەخت بوومەوە و تووشی دارووخان بووم، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا سێ جار هەوڵی خۆکوشتنم دا، لە یەکێك لەو هەوڵانە ویستم خۆم لە بەلەکۆنەی خانووەکەم فڕێ بدەمە خوارەوە.

ئەستێرەکەی بۆلیۆد ئەوەشی گوت: ئەم هەوڵانەی خۆکوشتن بەر لەوە بوو کە بێمە بۆلیۆد، چونکە دواتر بە وردی بیرم لە بابەتەکە کردەوە و سوودی زۆریشم لەو هەڵەیە وەرگرت و هاندەرم بوو بۆ ئەوەی ببم بە ئافرەتێکی بەهێز و ئەستێرەیەکی ناسراو کە بەرگری لە کۆمەڵگەو وڵاتی خۆم دەکەم لەسەر ئاستی جیهان و دەمەوێ ببمە نموونەیەك بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بە هەوڵ و کۆششیان لە ژیاندا سەردەکەون.

لەلایەکی دیکەوە یەکێك لە بەڕێوەبەری کارەکانی بریانکا رایگەیاند: ئێستا بریانکا ئافرەتێکی بەهێزە و دەتوانێت رووبەڕووی گرفتەکانی ژیان ببێتەوە، بەڵام لە سەرەتادا بەو شێوەیە نەبوو و بە دەست زۆر گرفتەوە گیرۆدە بوو، کە دواتر توانی بەسەریاندا زاڵ بێت.

# میگان فۆکس هێرش دەکاتە سەر هۆڵیۆد



خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد میگان فۆکس لە میانەی دیمانەیەکی لەگەڵ ماڵپەڕی (E! News) ی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان، داوای مافی زیاتری ئەکتەران دەکات، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەکتەران لە زۆر مافەکانیان بێبەشن کە پێویستە لە میانەی کارەکەیاندا پێیان ببەخشرێت.

لەم دیمانەیەدا میگانفۆکس بەرهەمهێنەرانی سینەمای لە هۆڵیۆد بە (مایەپووچ لە رووی ئەخلاقییەوە) وەسف کرد. پاڵەوانی فیلمی (The Transformers) لەم بارەوە وتی: کەسانی ئاسایی ژیانیان مسۆگەرە و بیمەیان هەیە، بەڵام ئەکتەران کە خۆیشم یەکێکم لەوانە بە دەست زۆر گرفتەوە دەناڵێنین لە کاتی تۆمارکردنی فیلمەکان، چونکە بەرهەمهێنەران و دەرهێنەران هەرچی توانا و وزەی ئەکتەر هەیە، هەوڵ دەدەن بیبەن، تەنیا بۆ سەرکەوتنی فیلمەکانیان و دەستکەوتنی سەرمایەی زیاتر، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بۆیان گرنگ نییە ئەکتەر چی بەسەردێت، دەست، یان قاچی بشکێت و تووشی رووداویش ببێتەوە، بۆیان گرنگ نییە.

هەر لە درێژەی ئەم دیمانەیەدا میگان فۆکس وتی: ئەگەر هەرچییەکت بەسەر بێت، بەڵام خوێن لە دەموچاوت نەیەتە خوارەوە، گرنگیت پێنادەن و دەبێ بەردەوام بی لە کار و وێنەگرتن، هەرچەندە رەنگە ئەکتەر تووشی نەخۆشی ببێت، بەڵام خەڵك لەمە تێناگەن و هەست بە ئازارەکانی ناکەن، لەلایەکی دیکەوە هیچ گەرەنتییەکی نووسراو نییە بۆ پاراستنی ئەکتەران لە رووی جەستەییەوە، بەداخەوە بەرهەمهێنەران ئەمەیان بەلاوە گرنگ نییە، تەنیا هەوڵ دەدەن فیلمەکە بەو شێوەیە کۆتایی بێت کە خۆیان دایانناوە و وا بیردەکەنەوە لەگەڵ کۆتاییهاتنی فیلمەکە پەیوەندییان بە ئەکتەرەوە کۆتایی دێت.

## جاکی شان:
# خۆزگە سوپەرمان دەبووم

پاڵەوانی فیلمەکانی ئەکشن جاکی شان رایگەیاند کە کردەوە تیرۆریستییەکان لە هەر شوێنێکی جیهان بن، زۆر ئازاری دەدەن و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی دروست دەکەن بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانێت لە بیریان بکات، بەتایبەتی کە کەسانی سڤیل و منداڵ و ئافرەت تێیدا دەبنە قوربانی.
لەم بارەوە جاکی شان دەڵێ: چۆن لە فیلمەکان بەرگری لە کەسانی بێتاوان دەکەم، ئەگەر بمتوانیبا بە هەمان شێوە گشت تواناکانی خۆم دەخستەگەڕ بۆ بەرگریکردن لەو کەسانەی دەبنە قوربانیی کردەوە تیرۆریستییەکان، کێ و لە هەر کوێیەك بن، زۆر لەو منداڵانەی فیلمەکانم دەبینن، پێیانوایە من وەکو سوپەرمانم و دەتوانم هەموو کارێك ئەنجام بدەم، منیش خۆزگە دەخوازم ئەم توانایەم هەبوایە، وەك فڕین بۆ ئەوەی خەڵك لە مردن رزگار بکەم و گشت تیرۆریستان لە سەرتاسەری جیهان لەناو ببەم و بیانخەمە زیندانەوە، بەڵام کاتێك ئەو رووداوانە دەبینم، هەست دەکەم من کەسێکی بێ توانام و ناتوانم سوود بە جیهان بگەیەنم، تەنیا دەتوانم وەکو هەموو کەسانی تر نزا و پاڕانەوە بکەم بۆ قوربانییانی تیرۆر.
شایەنی وتنە یەکێك لەو فیلمانەی کە بەم دواییە جاکی شان بەشداری تێدا کرد، فیلمی (فورین) بوو کە تێیدا رووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە، ئەو رۆڵەی کە لەو فیلمەش پێ بەخشرا وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە ژیانی هونەریی خۆیدا، چونکە رۆڵی باوکی کچێك دەبینێت کە دەبێتە قوربانیی کردەوەیەکی تیرۆریستی، بەڵام دامودەزگاکانی پۆلیس ئامادە نین بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەران یارمەتیی بدەن، بۆیە بە تەنیا رووبەڕوویان دەبێتەوە و لەم نێوەندەدا چەند زانیارییەکی ترسناکی دەربارەی تیرۆریستان دەست دەکەوێت.




١٨٤




# تەحسین حەسەن عەلی عەبدولقادر

## کاندیدی ژمارە ١٨
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی کوردستان و کارکردن لەسەر ئەو کەیسانەی لەبەغدا دژی کورد بەکارهێنراوە، دەنگ بدەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتەی لەشەڕی داعش و پاراستنی کوردستاندا پێشمەرگەکانی خیانەتیان نەکردو سەدان شەهیدیان بەخشییە کوردستان. لیستی ژمارە ١٨٤ لیستی شەهیدان و قوربانییانی کوردستانە، بۆ ئەوەی جارێکیتر کورد کۆمەڵکوژ نەکرێتەوە و خیانەت لەکورد نەکرێت و بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی باوک و باپیرانیان، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.



## بڕی زیادی خوێ ئەگەری

ئەمە سەلمێنراوە کە بڕی زیادی خوێ لە خۆراکی ڕۆژانەدا پێوەندی بەهێزی بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنەوە هەیە. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنیش بەدەوری خۆی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات. بڕی زیای خوێ هۆکارە بۆ زیاد هەڵگرتنی ئاو لەناو خوێندا، بە مانایەکی تر زیادبوونی قەبارەی خوێن، لە حاڵەتی ئاساییدا گورچیلەکان دەتوانن کە لەش لە ئاوی زیاد رزگاربکەن، بەڵام ئەگەر گورچیلەکان بە باشی کارنەکەن یان توانای فڕێدانی شلەی زیادی لەشیان نەبێت، ئەوا شلە لە لەشدا کۆدەبێتەوە، بەم شێوەیە فشاری قەبارەی زیادی خوێن لەسەر دڵ و بۆڕیەکانی خوێندا زیاد دەبێت و پەستانی خوێن بەرزدەبێتەوە. لە ئەنجامی فشار لەسەر دڵ بۆ پاڵنانی خوێن کە قەبارەکەی زیاد

## چی بەسەر لەشدا دێت پاش وازهێنان لە خواردنی گۆشت؟

گۆشت سەرچاوەیەکی گرنگی پرۆتینە، لەگەڵ ڤیتامینەکانی B و کانزاکانی ئاسن و زینك. گۆشت بەتایبەتی پێویستە لەکاتی گەشە و پەرەسەندنی لەشدا.پێویستە ئەمەش بزانرێت کە خۆراکی بێ گۆشت هەرگیز خۆراکێکی تەندروست نییە. وازهێنانی یەکجارەکی لە خواردنی گۆشت دەبێتە ئەگەری چەند گۆڕانێك لە لەشدا کە بریتین لە:

- کەمبوونەوەی چەند کیلۆگرامێك کێشی لەش کە لەوانەیە بگاتە نزیکەی ٤ کیلۆگرام لە مانگێکدا.
- چالاکبوونی جینە پۆزەتیڤەکان Positive genes، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان کەم دەکاتەوە.
- زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە کەمی یۆد، لەگەڵ کەمی ڤیتامین D و B12 کە زیاتر لە گۆشت و خۆراکی ئاژەڵی سەرچاوە دەگرن.
- باشتربوونی تەندروستیی پێست، کەمبوونەوەی زیبکە و زیوانی رەش.
- باشتربوونی ئاستی چالاکی و وزەی لەش و کەمبوونەوەی هەستکردن بە ماندووبوون.
- دابەزینی ئاستی کۆلیستیرۆل تا ٣ هێندەی ئاستی پێشوو، ئەمەش هەنگاوێکی ئاکتیڤە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و جەلتەی مێشك.
- جێگیربوونی پەستانی خوێن، ئەمەش بەهۆی دابەزینی کێش و زیاد خواردنی سەوزە و میوەکانەوە.
- کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم Type II diabetes.
- کەمبوونەوەی هەستی چێژکردن لەبەر کەمبوونەوەی کانزای زینك.

زیادبوونی رێژەی بەکتریای سوودبەخشی ریخۆڵە.

## سوودەکانی شووتی



شووتی، ڤیتامین C،A، B1، B6، مەگنسیۆم،پۆتاسیۆم لەخۆدەگرێت، هەروەها لایکۆپێن Lycopene کە رەنگە سوورەکەی بە شووتی بەخشیوە و ماددەیەکی دژەئۆکسانی بەهێزە رۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە، ئەمە جگە لە ماددەی کوکوربیتاسین ئی Cucurbitacin E کە دژی شێرپەنجە چالاکی هەیە. شووتی لەوانەیە کە تەندروستیی دڵ بپارێزێت لە رێگای کەمکردنەوەی ئەگەری رەقبوونی خوێنبەرەکان، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن لەگەڵ دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆل. شووتی ترشە ئەمینی سیترولین Citrulline لەخۆدەگرێت کە ئاستی ئۆکسیدی نایتریك زیاد دەکات، ئەو ئۆکسیدەی کە بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەکاتەوە و پەستانی خوێن دادەبەزێنێت. سوودەکانی تری شووتی بریتین لە: سووککردنی

١٨٤




# ئەحمەد سلێمان یاسین سلێمان

## کاندیدی ژمارە ٢
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگەڕێتەوە سەر کوردستان و ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ بکرێت، پێویستە بوونی کورد لەبەغدا بەهێز بێت، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە پارتی بەهێز بێت، کوردستان بەهێزە.**

## نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات

بووە، دڵیش دەکشێ و قەبارەکەی گەورە دەبێت. ئەگەر یەکێك نەخۆشیی پەستانی بەرزی خوێنی هەبێت ئەوا لەوانەیە کە فرمانی گورچیلەکانی لاوازبێت و ببێتە هۆی کۆبوونەوەی شلە و خوێ لە لەشدا، ئەمەش گرفتێکی تر دەخاتە سەر پەستانە بەرزەکەی خوێن، هەر بۆیەشە کە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك و نەخۆشی گورچیلە زیاد دەکات. ئەوە سەلمێنراوە کە بڕی زیادی خوێ کە رۆژانە بە بەردەوامی لە ٢٣٠٠ ملگم زیاتر بێت لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی دڵ و پەککەوتنی دڵ Heart failure زیاد دەکات بەتایبەتی لەگەڵ بوونی فاکتەری تری وەکو قەڵەوی و جگەرەکێشان و کەمی جوولەدا.



نیشانەکانی رەبو و هەوکردنی جومگە، کەمکردنەوەی ئۆکسانی کۆلیستیرۆلی خراپ LDL، دابەزاندنی ئاستی هەوکردن و سترێسی کرداری ئۆکسان لەوکاتەی کە هەوکردن Inflammation بزوێنەری کلیلی تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانە، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر، رێگرتن لە گۆڕانەکانی تۆڕەی چاو کە پەیوەستن بە تەمەن AMD و کرداری بینین تێکدەدەن، کەمکردنەوەی ئازاری ماسوڵکە بەتایبەتی پاش گرژبوونی ماسوڵکە و مەشقی وەرزشی،پاراستنی تەندروستیی پێست و قژ بەوەی کە ڤیتامین A و C رۆڵیان هەیە لە دروستبوونی پرۆتین کۆلاجین کە رۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی توانای لاستیکی پێست و پاراستنی لە لۆچبوون، هەروەها بەهێزبوونی قژ، هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك، رێژە بەرزەکەی ریشاڵ و ئاو هاندەرن بۆ هەرسکردن و جوولەی دروستی ریخۆڵە.




# ئەیسۆس تەنکترین مۆنیتۆری پورتێبڵی بەرهەم هێنا

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای asus تەنکترین مۆنیتۆری پورتێبڵی خۆی بەناوی (Asus ZenScreen Go) ی بەرهەم هێنا. پورتێبل بەمانای ئەوەیە کە کێشی کەم و قەبارەی بچووکە و دەکرێت بەکارهێنەر بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆی ببات. بارستایی و تەنکی شاشەکە تەنیا ٨ ملمە.. و کێشی ٩٠٠ گرامە. ئەم شاشەیە دەکرێت وەك شاشەی دووەمیش بۆ لاپتۆپ بەکار بێت. شاشەکە خۆی ١٥,٦ ئینجە، پشتیوانی لە فیلتەری دژە تیشکی شین دەکات کە ئەم تیشکە زیان بە چاو دەگەیەنێت. باترییەکی بەهێزی هەیە کە دەکرێت ماوەیەکی یەکجار زۆر کاری پێبکرێت.

# کاتژمێرێک دەستی بەکارهێنەر دەکاتە لەمسی




کاتژمێرە هۆشمەندەکان هەتا دێن تایبەتمەندییەکانیان زیاتر دەبن و کاتژمێری نوێتر و بەکارایی زیاترەوە بەرهەم دێن. یەکێك لەم کاتژمێرانە، کاتژمێری Lu-miWatch کە دەستی بەکارهێنەرەکەی دەکات بە شاشەیەکی لەمسی.. ئەم کاتژمێرە خاوەنی داتاشۆی تایبەت بەخۆیەتی، دەستی بەکارهێنەر دەبێتە شاشە و دەتوانرێت وەك شاشەیەکی لەمسی کاری پێبکات، بۆ نموونە کات بگۆڕێ، دیمەنەکان بگۆڕێ.. ئەوەی لەسەر شاشەیەك دەکرێت لەسەر دەستەکانی دەتوانێ ئەنجامی بدات. کاتژمێرەکە بەرهەمی هەوڵدانی مامۆستایانی زانکۆی (کارنگی ملۆن)ی ئەمەریکایە. بەهۆی داتاشۆیەکەوە دەتوانرێت شاشەکە گەورەتر بکرێت هەتا ٤٠ سانتی چوارگۆشە گەورە بکرێتەوە. رووناکی داتاشۆیەکە لە سێ رەنگی، سور و شین و سەوز پێکهاتووە، تەنانەت دەکرێت ئەوەی لەسەر دەست نیشان دەدرێ لەسەر دیواریش نیشانی بدات. خێراییەکەی ١,٢ گیگایە. رامەکەی کەمتر لە یەك گیگایە. بەڵام میمۆری ناوخۆی ٤ گیگابایتە، سیستەمی بلوتوس و وای-فای هەیە، لەگەڵ شەوەشدا سیتسەمی ئەندرۆیدی ٥ی لەسەرە.




## چاوی شین کامێرایەکی ئایندە

کامێرا لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە دیوە، هەم لە سیستەم و کاراییدا و هەم لە دیزاین و ستایلدا.. کامێرای جۆری AXIO کە بە (چاوی شین) ناسراوە یەکێکە لەم کامێرایانە.

کامێراکە جۆری سێ دووریە و اتە 3D و جگە لەوەش کامێرایەکی کوالیتی بەرزە.

خاڵی جێگای سەرنج لە کامێراکەدا ئەوەیە بۆ کۆنترۆڵ کردن و کار پێکردن هیچ دوگمەیەکی نییە، بەڵکو وەك مۆبایلی ئایفۆن لە شاشەکەدا کۆنترۆڵ دەکرێت و تەنانەت دوگمەی هەڵبوونیشی هەر لە شاشەکەدایە.

هۆکاری ئەوەی کە پێیدەگوترێت چاوی شین واتە Blue Eye ئەوەیە کە بە هەر چوار دەوری کامێراکەدا تیشکی شین هەیە. تیشکە شینەکە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بزاندرێ کامێراکە هەڵبووە یان کوژاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێش بەو تیشکە زیادیانە دەگرێت کە لەکاتی وێنەگرتندا دەبنە هۆی تێکدانی وێنەکە، خاڵێکی دیکەی کامێرای ناوبراو ئەوەیە کە بۆ شەحن کردنەوە پێویستی بە وایەر نییە و بە سیستەمی وایەرلەیس شەحن دەبێتەوە.




## دیار تەیب محەمەد عبدالله

### کاندیدی ژمارە ٣
### لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پەیامی من بۆ ئەو گەنجانەی کە ئەم جارە دەنگ دەدەن و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی کوردستان بەهێز بمێنێتەوە و مافە دەستوورییەکان زامن بکەین و مافە داراییەکان دەستەبەر بێت و کوردستان بە سەقامگیری بمێنێتەوە و بۆ گەڕاندنەوەی مافی پێشمەرگە و ئیمتیازات و بۆ ئەوەی سازش لە سەر مافە نەتەوەییەکان نەکرێت و بۆ ئاسوودەیی گیانی شەهیدان و گێڕانەوەی خاکی داگیرکراوی کوردستان، دەنگ بە لیستی ١٨٤ پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.

# پرۆگرامێک بۆ چاودێ




سیستەمی مۆنیتۆرینگ (monitoring) بەو سیستەمە دەگوترێت کە کۆمپانیایەك یان زانکۆیەك، یان بنکەیەك و هەر شوێنێك کە چەندین کۆمپیوتەری لێیە و لەیەك تۆڕدا بەستراونەتەوە بیانخەیە ژێر چاودێری خۆت و بزانی هەرکام لە کۆمپیوتەرەکان چ پرۆگرامێك دەکەنەوە و چی دەکەن؟

پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لەوانە پرۆگرامی HomeGuard Activity Monitor، ئەم پرۆگرامە بچووکە و زیاتر



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، گەلێك جاران کە لەسەر کۆمپیوتەر کارم کردووە لەناکاو کارەبا ڕۆیشتووە و ئەو فایلەی لەبەردەستمدا بووە (word) چونکە سەیڤم نەکردوون سڕاونەتەوە، ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ ماندووبوونەکانمان بەهەدەر نەڕۆن و شتەکان نەسڕێنەوە؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ڕێگا هەیە، دیارە لە هەموو پرۆگرامەکانی تایبەت بە ئۆفیسی مایکرۆسۆفت ڕێگا هەیە و بەتایبەتی لە Word دا، کاتێك فایلەکەی بەردەستت سەیڤ نەکردووە و بەهەر هۆیەك کۆمپیوتەرەکەت کوژاوەتەوە، یا خۆت نەتزانیوە لەبەری فەرمانی سەیڤ کردن، پەنجەت بە سەیڤ نەکردن کەوتووە، ئەوە دەکرێت سەرەتا فایلێکی نوێ بکەوە پاشان لەسەر File کلیك بکە، دواتر info بدۆزەوە، دوای ئەوە لە بەشی version فەرمانی recover unsaved document دابگرە، فایلە خەزن نەکراوەکە دەردەکەوێتەوە، ئەوکات بە هەر ناوێکی حەزی لێدەکەی سەیڤی بکەی.




## مۆبایلەکانی سۆنی دەبن بە پلەی ستیشن ٤

ئەم سەردەمە ئامێرێکی زۆر تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی لە بازاڕدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپیوتەر و تەبلێت و مۆبایلیش دەکرێت یاری ئەلکترۆنیان پێ ئەنجام بدرێت.. بەڵام ئەو یارییانەی بە مۆبایل ئەنجام دەدرێن بەهۆی بێهێزبوونی سەختە ئامرازەکانی مۆبایل دەبێت ئەو یارییانەن کە زۆر قورس نین و ناکرێت یارییەکانی پلەی ستەیشن و ئامێرەکانی دیکە بە مۆبایل بکرێن. سۆنی هەوڵیداوە بە مۆبایلە ئاساییەکانیش یاری قورس و گەورە ئەنجام بدرێت..

کۆمپانیای sony لەم ماوەیەدا ئامێرێکی تایبەت بە مۆبایلەکانی خۆی بەرهەم هێنا کە بە ئامێری X mount ناسراوە. بە سوود وەرگرتن لەم ئامێرە بەکارهێنەران دەتوانن یارییەکانی پلەی ستەیشن ٤ لەسەر مۆبایل بکەنەوە.

هەموو مۆبایلەکانی زنجیرەی ئێکسپریای سۆنی لەگەڵ ئەم ئامێرە دەگونجێن.

## ـــــــــری کردنی کۆمپیوتەر

بـۆ چاودێـری کردنی تۆڕێکـی بچووکە یان چاودێری کردنـی ئەندامانـی ماڵەوەیـە. دایـك و بـاوکان دەتوانن کاروکـردەوەی منداڵـەکان بخەنە ژێر چاودێری بزانن چ دەکەن و پرۆگرامێك دەکەنەوەو لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکەن، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی ئەو سایتانەی مەبەستتە دایان بخەی، ئەو پرۆگرامانەی کە پێویست نـاکات بکرێنـەوە کۆدیـان لەسـەر دابنـدرێ، بەهـۆی پرۆگرامەکـە دەکرێـت بـەردەوام فیلـم لـە دیسـکتۆپی کۆمپیوتەرەکان هەڵبگریەوە.



### سایتێک بۆ رۆتۆش کردنی وێنە

رۆتـۆش (rotush) لە وێنەدا بەو دەسـتکارییە وردە دەکرێت کە تەنیا و تەنیا بەمەبەسـتی جوانکارییە، بۆ نموونـە پەڵەیـەك بە روخسـاری وێنەیەکەوەیـە، خاڵێك هەیـە ، یـان پێسـتی خاوەن وێنەکە سـاف و لوس نییە بەڵام لە وێنەکەدا ساف و لوس دەکرێت، یان جار هەیە چـاو لەوێنـەدا سـوور دەبێـت بەهـۆی پرۆگرامەکانی رۆتوشەوە باش دەکرێنەوە.

پرۆگرامـی زۆر هەیـە تایبەتـن بـە رۆتۆش کردنی وێنە، بەڵام جار هەیە پێویستت بە رۆتۆشکردنە بەڵام یەك پرۆگرامیش لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نییە، بۆ ئەم مەبەسـتە پەنا بۆ ئەو سـایتانەی دەبی کە بە شـێوەی ئۆنلاین کاری رۆتوش دەکەن.. یەکێك لەم سـایتانەش سـایتی http://makeup.pho.to/ بە ئاسـانترین شـێوە لەم سایتەدا وێنەکانتان رۆتۆش بکەن..


١٨٤




# بەیار تاهر سەعید دێوالی

## کاندیدی ژمارە ٤
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:


لای ئێمـە ئەولەوییـەت بـۆ کوردسـتانەو لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوەیە، هەبوونـی تیمێکـی پـاک و دڵسـۆز و بەهێـزی کـورد لـە بەغـدا پێویسـتە بـۆ پاراسـتنی پێگـەی بەهێـزی هەرێمـی کوردسـتان. لـە پێنـاو کوردسـتان دەچینـە بەغدا و لەوێش داکۆکیکارێکی سەرسـەختی کێشـەی رەوای گەلەکەی خۆمـان دەبیـن.ی پێشـمەرگەیەکی بوێـر دەبیـن لـە بـواری شـەڕە دەسـتوورییەکان بـۆ بەرگریکـردن لـە دەسـتکەوتە سیاسـی ومافـە یاسـایی و شایسـتە داراییەکانـی هەرێـم. بەهێزیـی کـورد لـە بەغـدا زامنـە بـۆ باشـترکردنی بژێـوی ژیانـی خەڵـک. خزمەتکردنـی سـەرجەم چیـن و توێـژەکان، جووتیـاران، کرێـکاران، هـەژاران، لاوان، قوتابیـان، ئافرەتان،فەرمانبـەران، پێشـمەرگە وهێـزە ئەمنییـەکان و کادیـران و زانایانـی بەڕێـزی ئایینـی لـە ئەولەوییەتـی ئامانجەکانـی کارنامـەی مـن دەبێـت.

# گۆڕینی شێوەی نینۆکەکان به هەڵبژاردنی نەخش و رەنگەکان






هەندێ لە ئافرەتان حەز بە نینۆکی درێژ دەکەن، لە هەمان کاتدا نینۆکەکانیان کورت و وردن، دەتوانین ئەو گرفتە لە رێگەی رەنگ و نەخشی نینۆکەکانەوە چارەسەر بکەین، ئەو رەنگانەی یارمەتیدەرن بۆ درێژنیشاندنی نینۆك بریتین لە رەنگە تاریك و تۆخەکان، چونکە جیاوازی لەگەڵ رەنگی پێست و دەست دەبێت، هەروەها دانانی نەخشی ستوونی بە ئاراستەی پەنچەکان، دەبێتە هۆی نیشاندانی نینۆکەکان بە درێژترین شێوە، بۆ نموونە ئەگەر رەنگی نینۆکەکانت قاوەیی یان سەوز بێت، نەخشێکی ستوونی لە نینۆکەکان بە رەنگی سپی لەگەڵ قاوەیی و شین لەگەڵ سەوزەکە، نینۆکەکانت درێژتر دەردەکەون. بۆ ئەوانەی کە نینۆکیان درێژە، نایانەوێت درێژییان بەرچاو بێت، دەتوانن نەخشی ئاسۆیی لە نینۆکەکانیاندا بەرپا بکەن، لەگەڵ هەڵبژاردنی رەنگی کراوە وەك: سوور، بێجی، زەرد. ئەو رەنگانەی باون بۆ ساڵی تازە کە لەلایەن دیزاینەر (سالی هانسەن) ئاماژەی پێداوە بریتییە لە: (٥) رەنگی دەوڵەمەند بە رەنگی سوور، لەوانە: سووری خاو، سووری جەرگی، سووری خوێن، سووری تۆخ، سووری بە بریقە. هەموو ئەوانە جوانترین رەنگی ساڵی تازەن، ئەگەرچی گرنگی بە رەنگەکانی دیکە نەداوە، چونکە ئەو (٥) رەنگەی بۆ شوێنی گشتی و دەرچوونی دەستنیشانی کردووە.







# شێوازە سەرنجڕاکێش و ناوازەکانی جانتا

جانتا، هاوەڵێکی بەردەوامی ئافرەتانە، جگە لەوەی وەك كەرەستەیەك بۆ هەڵگرتنی خشل و ئێكسسوار و كەرەستەكانیان بەكاردەهێنن، هەروەها كەرەستەیەكە بۆ جوانكاری و مۆدە بەكاردێت، جانتای جوان، هێمای شیك و ناسكیت پێدەبەخشن، هەوڵبدە هەمیشە كەرەستەكانت جێگەی باسی دەستەخوشك و هاوڕێكانت بن، ئەوەش بە هەڵبژاردنی ئێكسسوار و كەرەستەكانە لە ڕێگەی زانیاری و شارەزابوون لە بەرهەمە تازەكانی ماركەكانی جوانكاری لە جیهان، ماركەی شانێل، هەمیشە پێشەنگە لە دەرخستنی جانتا تازە و ناوازەكان، كە زۆربەیان جێگەی سەرنجی هەموانن و هەروەها بە دەست ئافرەتانەوە دەبن، جوانترین دیمەن بە لەش و لاریان دەدەن. بەرهەمە تازەكەی شانێل، بریتییە لە جانتای بریقەدار و ڕەنگ زیوی، كە لە دوو جۆردا پێكهاتوون، جۆری یەكەم دەسكی جانتاكە درێژە و دەخرێتە سەر شان، جۆری دووەمیش جەنتای دەستە و دەسكی نییە، تەنیا بە دەستەوە دەگیرێت، ئەو جۆرە نوێیە بە ناوی ( Flap )ە، جوانی ئەو جانتایە لەوەدایە كە دەسكەكەی لە هەمان ڕەنگی جانتاكەدا نییە، بەڵكو ڕەنگێكی دیكەیە، هەروەها سێ چارەك یان بەشێكی جانتاكە لە نەخشێكی دیكەیە كە جیاوازە لەگەڵ نەخشی سەرەكی جانتاكە.






# عەبدولرەحمان سلێمان عەلی عومەر

**كاندیدی ژمارە ١٠**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:**

بۆ ئەوەی دەوڵەتێكی مەدەنی و دەستووری لە عێراق بەدی بێت، دەنگ بدەن بە پارتی دیموكراتی كوردستان، چونكە هەموو كاتێك پارتی داكۆكیكار بووە بۆ جێبەجێكردنی یاساو بنەما دەستوورییەكان. دەنگدان بە پارتی دیموكراتی كوردستان قورسایی كورد و كوردستان لە بەغدا زیاد دەكات.



١٨٤
دەستکەوتی زیاتر
بۆ کوردستان
پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ
پارتییەکی بەهێز،
کوردستانێکی بەهێز
١٨٤

١٨٤

دەستکەفتێن زێدەتر بۆ کوردستانێ




١٨٤



١٨٤
دەستکەوتی زیاتر
بۆ کوردستان
پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ
لیستی پارتی
لیستی
پێشمەرگەیە
١٨٤